# ئازادکردنی شنگال و لەتکردنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی

## مۆدێلێکی تازەی سەرکەوتنی پێشمەرگە لە شەڕی دژی داعشدا




K24
ZAGROS
VOA
K24



## ● نەخشەکان وەك زمانی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە ناو میدیاکانی جیهاندا

لە ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤ ـەوە، ئەو خاکەی تیرۆریستانی داعش «دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی»یان لەسەر راگەیاندووە، رۆژ لە دوای رۆژ فراوانتری دەکەن، تەنیا لە کوردستان و لەو ناوچانەی راستەوخۆ سەرۆك بارزانی سەرپەرشتی بەرەکانی شەڕ دەکات و هێزی پێشمەرگەی لێیە، تیرۆریستانی داعش رۆژ لە دوای رۆژ بچووك دەبنەوە و رۆژ لە دوای رۆژیش زیاتر بێئومێد دەبن و لە ریشەهەڵکێشان نزیك دەبنەوە، لەمەش زیاتر ئەو شوێنە ستراتیژییانەی رۆژ لە دوای رۆژ بە سەرکردایەتی سەرۆك بارزانی لە بەرەکانی شەڕ تەنیا بە دەست و بازووی پێشمەرگە لە سەر زەوی و بە هەماهەنگیی هێزی ئاسمانی هاوپەیمانان لە دەستی تیرۆریستانی داعش پاك دەکرێنەوە، بۆتە جێگەی هۆی سەرنج و سەرسوڕمانی تەواوی میدیاکانی جیهان و سیاسەت دروستکەران و ژەنراڵە سەربازییەکانی تەواوی دەوڵەتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی تیرۆریستانی داعش، ئەم لایەنەش رەهەندێکی نێودەوڵەتی داوەتە سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە و شێوازی سەرکردایەتی شەڕەکان لەلایەن سەرۆك بارزانی-یەوە، بۆتە جێگەی بایەخپێدانێکی ئەوتۆ کە زانستی سەربازیی هاوچەرخ لە ئاستیدا دەستەوەستانە و سوپای تەقلیدیی هاوچەرخ لە ئاستیدا بێ وەڵام ماوەتەوە.

ئەوانەی لە رۆژی ١٢ی ١١ی ٢٠١٥ ـەوە بە وردی بەدواداچوون لەسەر سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لەناو تەواوی میدیا جیهانییەکاندا دەکەن، ئەوا لە دوای ئەوەی سەرۆك بارزانی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا مزگێنی ئازادکردنی تەواوی شنگالی بە کوردستان و جیهان راگەیاند، میدیا بە ناوبانگەکانی جیهان پەنایان بردووە بۆ زمانی نەخشەی جوگرافی ناوچەکە و گرنگی ئەم داستانە مێژوویی و گەورەیە لەسەر نەخشە بۆ خوێنەران و بینەرانیان روون دەکەنەوە.

پەنابردن بۆ زمانی نەخشە، بۆ پەی بردن بەسەرکەوتنی گەورە و مەترسیی گەورە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی شەڕی دووەمی جیهانی، کاتێك رۆزفەڵت-ی سەرۆکی ئەمریکا دەیوست ئەمریکا بەشداری ئەو شەڕە بکات و کۆنگرێس رێگەی نەدەدا، بۆیە رۆزفەڵت بۆ ئەوەی مەترسیی هیتللەر بۆ هاووڵاتیانی ئەمریکا روون بکاتەوە و بیانگەیەنێتە قەناعەت بەوەی ئەگەر ئەمریکا لەم شەڕە بەشداری نەکات، مەترسی لەسەر ئەمریکاش دروست دەبێت، بۆیە ناچار بوو داوا لە هاووڵاتیانی ئەمریکا بکات، هەر یەکەیان نەخشەیەکی جیهان لە بەردەمی خۆی دابنێت، بۆ ئەوەی بە رێگەی لێدوانی هەفتانەی رادیۆوە ئەو مەترسییەیان بۆ روون بکاتەوە.

دوای ئازادکردنی شنگال بە سەرپەرشتی راستەوخۆی سەرۆك بارزانی، میدیاکانی جیهان ئەمجارەش پەنایان



**«لە رۆژی پێنج شەممە ١٢ی١١ی٢٠١٥ ـەوە، ریگەی ستراتیژیی ٤٧ لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کۆنترۆڵ کراوە، ئەمەش گەورەترین سەرکەوتنە کە لەسەر زەوی بەدەستهاتووە دژی تیرۆریستانی داعش، لەبەر ئەوەی ئەم ریگەیە، ریگەی سەرەکیی گواستنەوەی کۆمەک بووە لە نێوان رەققەی پایتەختی تیرۆریستانی داعش و مووسڵ لە باکووری عێراق، لەمەش زیاتر کۆنترۆڵکردنی ئەم ریگە سەرەکییە، تەنیا ریگەیەک نییە بۆ پاراستنی شنگال، بەڵکو کۆنترۆڵکردنی ریگەی سەرەکیی باشووری شنگالیش بەرەو بەعاج-ی ژێر دەستی داعش لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، دەبێتە ناوچەیەکی فراوان و شنگال لە ناوچەکانی تیرۆریستانی داعش دادەبڕێت».**

● BBC: **د. فیکتوریا فۆنتان توێژەر لە دیراساتی شەڕ - زانکۆی لەندەن.**

بۆ زمانی نەخشە بردەوە، بۆ ئەوەی گەورەیی ئەم سەرکەوتنە بۆ هاووڵاتیانی خۆیان روون بکەنەوە و ئومێدێکیان بۆ دروست بکەنەوە، بەوەی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە، خەریکە چ مەترسییەکی گەورەی داعش لە کۆڵ مرۆڤایەتی دەکاتەوە.

بۆیە لەم راستەوە کاتێك لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستان باس لە ئەم سەرکەوتنە گەورەیەی پێشمەرگە دەکرێت، سەرکەوتنەکە تەنیا لە ئازادکردنی شنگالدا بەرجەستە دەکرێت، بەڵام پسپۆڕانی دیراساتی شەڕ کاتێك لەسەر ئەم سەرکەوتنە قسە دەکەن، هێندە بایەخ بە ریگەی ستراتیژی ٤٧ دەدەن کە موسڵ و رەققە لێك جیادەکاتەوە، هەروەها بایەخ بە ئازادکردنی ریگەی سەرەکی باشووری شنگال دەدەن کە دەگاتە سنووری بەعاجی مۆڵگەی تیرۆریستانی داعش لەو ناوچەیە، ئەو کات تێدەگەین ئێستا شنگال بۆتە ناوچەیەکی ئارام لەناو زۆنێکی بەرفراوانی ئەو ناوچەیەی کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەماوەی کەمتر لە ٤٨ کاتژمێر ئازادی کردووە.

لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ رۆژی ٢٠ی ١٢ی ٢٠١٤ کاتێك سەرۆك بارزانی لەسەر چیای شەنگالەوە مزگێنی ئازادکردنی ناوچەیەکی فراوانی راگەیاند و بەڵێنی دا کە بستێك لە خاکی کوردستان نابێت لە ژێر دەستی تیرۆریستە گڵاوەکانی داعش بمێنێتەوە، ئێستا دوای ئازادکردنی شنگال، لەو پلانە سەربازییە تێدەگەین کە سەرۆك بارزانی لە ماوەی ١١ مانگی رابردوو هەوڵیداوە هەموو رەهەندەکانی لەبەر چاو بگرێت و بەشێوەیەك شنگال ئازاد بکرێت، کە نەك هەر شنگال ئازاد بکرێتەوە، بەڵکو ئەم پلانە سەربازییەی سەرۆك بارزانی شنگالی کردۆتە ناوچەیەکی ئارام لەناو ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستاندا، شنگالی بە شێوەیەك بە کوردستانەوە گرێداوەتەوە، کە جارێکی دیکە لە هیچ قۆڵێکەوە تیرۆریستانی داعش و دوژمنانی کوردستان نەتوانن لە شنگال نزیك ببنەوە.

### ● ئازادکردنی شنگال خاڵی دەستپێکی جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش

پرۆفیسۆر وۆڵکەر پێرسەس سەرۆك و بەڕێوەبەری جێبەجێکاری ئامۆژگای (SWP)ی ئەڵمانی لە موحازەرەیەکیدا بە ناونیشانی «کۆتایی ئەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەی ئێمە دەماننناسی»، لە دەستپێکدا ئاماژە بەوە دەکات ئەو دەوڵەتانەی بەرهەمی رێککەوتنی سایکس پیکۆ بوون، لەبەریەك هەڵوەشاون، ئێستا هەردوو دەوڵەتی عێراق و سووریا، وەك دوو دەوڵەت کە خاوەنی خاکێکی یەکگرتوو بن بوونیان نەماوە، لەم رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەدا، ئێستا خەلافەتی دەوڵەتی ئیسلامی لەلایەن داعشەوە دامەزراوە، ئەم دەوڵەتە لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتێکی تۆتالیتاری و دڕندەیە، بەڵام مۆدێلێکی نوێی بونیادنانی دەوڵەتە لە ناوچەکە و لەناو ئەم دەوڵەتە دڕندە و تۆتالیتارییەتە دامەزراوەکانی دەوڵەت بوونی هەیە و

فرانس پرێس:

# ئازادکردنەوەی شنگال و راپۆرتەکەی مۆزەخانەی هۆلۆکۆست دوو هەواڵی خۆش بوون بۆ ئێزیدییەکان

کامیرۆن هودســۆن، بەڕێوبەری سەنتەری سیمۆن-سـکیجۆد بۆ بەرگرتن لە جینۆساید- کە ســەر بە مۆزەخانەی هۆلۆکۆســت ـە لە واشــنتۆن و خۆی راپۆرتەکەی نووسیوە، دەڵێت: «تاوانی جینۆســاید لە دژی ئێزیدییەکان بەردەوامە، لەبەر ئەوەی ئەو ئافرەت و منداڵانەی کە ژمارەیەکی زۆریان لێ رفێندرا، هێشتا وەک کۆیلە ماونەتەوە لە ژێر دەستی ئەو کەسانەی دەستبەسەریان کردوون»

لە مانگی ئەیلوولدا ســەنتەرەکە گەشــتێکی دوو هەفتەیی ئەنجامدا بۆ پارێزگای نەینەوا بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی ئەو تاوانانەی روویاندا، هەروەها بۆ هەڵسەنگاندنی رەوشەکە و تێگەیشــتن لەو مەترسـییانەی لە ئایندەدا رووبەڕووی کەمینە و مەدەنییەکانی دیکەی ناوچەکە دەبێتەوە.

جێگری ســەنتەرەکە، نائومی کیکۆلێر، کە خۆی گەشــتی کردووە بــۆ عێراق بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکان، دەڵێــت: «نەک تەنیا نییەتی ئەنجامدانی جینۆســایدمان بەدی کردووە، بەڵکو لە راستیدا ئەو کارانەشمان بەدی کردووە کە بەرجەستەی ئەو نییەتە دەکەن. هەروەها لێدوان و دەزگای جۆراوجۆرەکانی پڕوپاگەندەکانی دەوڵەتی ئیسـلامیمان بینی کە هەڵدەستن بە روونکردنەوە و دووپاتکردنەوەی ئەو کارانەی بە گوێرەی ئایدیۆلۆژیا توندڕەوەکەی خۆیان




دەوڵەتی خەلافەتی داعش توانای فرۆشــتنی نەوتی هەیە، ئەم دەوڵەتە دڕندە و تۆتالیتارییە بۆتە هەڕەشــە بــۆ ناوچەکە و بۆ کۆتایی رۆژهەڵاتی ناوەڕاســت بە شێوەیەکی تراژیدی، لەبەرامبەر ئەم مۆدێلە ناشیرینەی داعش، مۆدێلێکی جوانی بونیادنانی نەتەوە و دەوڵەت لە ناوچەکــە بوونی هەیە، ئەویش مۆدێلی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە عێراقدا.

پرۆفیسۆر وۆڵکەر لەم بەراوردکارییەی دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێت، رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بەرهەمی نەخشەکەی ســایکس پیکۆ کۆتایی هاتووە، چیدیکــە دەوڵەتانی ناوچەکە ناتوانن کێشەکان چارەسەر بکەن، ئەوە عێراق و سووریا بوونی نەماوە، عەرەبستانی سعودیە ئەگەر لەسەر ئاستی سەربازیش بتوانێت ســەرکردایەتی هاوپەیمانی دژی داعــش بکات، بەڵام لــە رووی ئایدیۆلۆژییەوە مزگەوت و قوتابخانەکانی عەرەبستانی سعودیە خۆیان باشترین سەرچاوەن بۆ بەرهەمهێنانی فیکری داعش و توندڕەویی، بۆیە ئەوەی کە پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت و جیهان پشــتگیری لێ بکات، ئەو مۆدێلەی بونیادنانــی نەتەوەو دەوڵەتەیە کە ئێســتا لە هەرێمی کوردستان لە عێراقدا خەریکە بەرەو سەرکەوتنی گەورە هەنگاو هەڵدەگرێت.

گرنگیی ئەم دەستنیشــانکردنەی پرۆفیسۆر وۆڵکەر بۆ مۆدێلی ســەرکەوتووی بونیادنانی نەتەوە و دەوڵەت لەو خاڵەوە ســەرچاوە دەگرێت، کــە ئەو مۆدێلەی لە باشووری کوردستان بوونی هەیە، تەنیا ناوچەیە لەسەر ئاســتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها لە پاکستانەوە تــا نەیجیریا، کە وەك دەوڵەتێکــی هاوچەرخ بتوانێت، تیرۆریســتانی داعش تێکبشــکێنت و توانای ئەوەی

ئەنجامیان داوە.»
سەنتەرەکە لە راپۆرتەکەیدا نووسیویەتی: «چیرۆکی زۆر مەترسیداری دەربەدەرکردن و ناچارکردن بە گۆڕینی ئایین و دەستدرێژی جەستەیی-اغتصاب- و ئەشکەنجەدان و ڕفاندن و کوشتنمان بیستووە.» هەروەها دەڵێت: «کە ئێمە لەگەڵ ئەو پیاوە ئێزیدییانەدا دانیشتین کە ناو لە دوای ناوی ئەندامە بێ سەر و شوێنەکانی خێزانەکانیان دەنووسی- لە ژن و کچەکانیان، کە باوەڕ وایە رفێندرابێتن، هەروەها کوڕ و براکانیان کە نازانرێت لە سایەی چ هەل و مەرجێکدا ژیان دەبەنە سەر». هەروەها راپۆرتەکە «چیرۆکی دڵبریندارەکەی» تێدایە لە لایەن ئەو کەسانەی ڕزگاریان بووە کە کەسانی بە ساڵاچوو و ئەندامی نەخۆشی خێزانەکانیان لە دوای خۆیان جێهیشتوە لە کاتێکدا کە دەستی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی هەڵاتن.
بڵاوکردنەوەی راپۆرتەکە دوای ئەوە هات کە هێزەکانی پێشمەرگە بە پاڵپشتی گورزە ئاسمانییەکانی ئەمەریکا شادەمارێکی گرووپی دەوڵەتی ئیسلامییان لەگەڵ سووریادا بڕی لە سەروەختی شەڕەکەیاندا بۆ گرتنەوەی شاری شنگال لە دەستی جیهادییەکان. ئەم راپۆرتە لە لایەن چالاکی ئێزیدی دەخیل شەمۆوە پێشوازی لێکرا، کە ستایشی ئەوەی کرد لە یەک کاتدا دوو هەواڵی خۆش بیسترا، راپۆرتەکە و ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی شنگال.



هەبێت خاکەکەی خۆی بپارێزێت، بۆ ئەمەش وەك فرانسیس فۆکۆیاما لە تازەترین کتێبیدا بە ناوی «دامەزراوە سیاسییەکان» جەختی لەسەر دەکاتەوە، چەمکی دەوڵەتی هاوچەرخ ئەو دەوڵەتەیە کە بتوانێت توانای ئەوەی هەبێت خاکەکەی بپارێزێت و سەروەریی یاسا پیادە بکات و دامەزراوەکانی توانای هەڵسووڕانی باشیان هەبێت.
ئەگەر ئەم سێ خاڵەی فرانسیس فۆکۆیاما بۆ دەوڵەتی هاوچەرخ دیاریکردووە، لەسەر ئەرزی واقیعی شەڕی دژی داعش پراکتیزە بکەین، ئەوا فۆکۆیاما لە شرۆڤەی بۆ دەوڵەتی ئیسلامی داعش دەڵێت: «کاتێك سەیر دەکەین دەوڵەتەکان لە پاکستانەوە تا نەیجیریا، خۆیان لە بەردەم هێرشی تیرۆریستانی داعش ناگرن و خاکەکەیان داگیر دەکرێت، ئەمە مانای ئەوە نییە، تیرۆریستانی داعش، یان خەلافەتی ئیسلامی دەوڵەتێکی بەهێزە، بەڵکو ئەم شکستە لە بەردەمی داعش ئەوەمان پێدەڵێت، دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە فاشیل و لاوازن». فۆکۆیاما لەم خاڵەوە هەوڵیداوە جارێکیتر بە پرۆسەی کتێبی «بونیادنانی دەوڵەتدا» بچێتەوە کە هەر خۆی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ وەك پرۆسەیەك بۆ بونیادنانەوەی هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئەفغانستان کاری لەسەر کردووە، بەڵام دوای ٨ ساڵ واتە لە ساڵی ٢٠١١ و دوای ئەوەی ئەمریکا لە پرۆسەی بونیادنانەوەی هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئەفغانستان شکستی هێنا و نەیتوانی لە عێراقی دوای سەدام حوسێن و ئەفغانستانی دوای تاڵیبان دوو دەوڵەتی هاوچەرخ بونیاد بنێتەوە، کەواتە هەوڵدان بۆ توێژینەوە لەسەر (بنەچەی دامەزراوە سیاسییەکانی دەوڵەت

فۆرن پۆلیسی:

# لەوانەیە لە ئایندەیەکی نزیکدا ئیدارەی ئەمریکا جینۆسایدی ئێزیدییەکان بە فەرمی بناسێت

کاتێک چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی –داعش – پارێزگای نەینەوایان لە باکووری عێراق لە هاوینی ساڵی ٢٠١٤دا داگیرکرد، یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانیان بریتی بوو لە سڕینەوەی کوردانی ئێزیدی لەو شوێنانەدا کە لێی دەژیان. زیاتر لە ١٥٠٠ ئێزیدی کە زۆربەیان پیاو بوون، کوژران، بە هەزاران ئافرەت و منداڵیش رفێندران و بە کۆیلەکران.

لە رۆژی ١٢ی ١١ی ٢٠١٥ مۆزەخانەی هۆلۆکۆست راپۆرتێکی بڵاوکردەوە و ئەو هێرشانەی بە جینۆساید ناساند. راستییەکانیش لەسەر بنەمای ئەو بەڵگانە داڕێژراون کە نائومی کیکۆلێر– جێگری بەڕێوبەری مۆزەخانەکە– لە کاتی سەردانیکردنیدا بۆ کامپی ئاوارەکان و چاوپێکەوتنی لەگەڵ بەرپرسانی حکومەت و نەتەوە یەکگرتوەکان و هەروەها چاوپێکەوتنی لەگەڵ قوربانییەکاندا کۆی کردوونەتەوە. هەروەها راپۆرتەکە چیرۆکی تاوانی شەڕی دەوڵەتی ئیسسلامی دژ بە کەمینە ئایینی و ئیتنییەکانی عێراق تێدایە، لە نێویاندا شەبەک، کە لقێکی جیابۆوەی ئیسلامی سۆفیگەرییە، لەگەڵ تورکمانە شیعەکان. ئێزیدی ئایینێکی ٤٠٠٠ ساڵەیە و رەگەزەکانی زۆرۆستریانیزم و جودایزم و مەسیحییەت و ئیسلام لەخۆدەگرێت، هەروەها نزیکەی ٥٠٠ هەزار،شوێنکەوتەی لە عێراق و کوردستانی عێراقدا هەیە. ئافرەت و منداڵە ئێزیدییەکان ناچار بە کۆیلایەتی کران لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامییەوە، هەروەها ناچارکران ئایینی خۆیان بگۆڕنە سەر ئایینی ئیسلام، کە لە سایەی حوکمڕانیی دەوڵەتی ئیسلامیدا پابەندبوون بە فۆرمێکی زۆر توندی شەریعەوە لە خۆدەگرێت. لە کاتێکدا ئەگەری ئەوە هەیە پیاوانی ئێزیدی بە تەواوەتی بکوژرێن. خراپترین کۆمەڵکوژی لە مانگی ئابی ٢٠١٤دا تۆمار کرا، کە ئەگەری ئەوە هەیە چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی ٤٠٠ گوندنشینی ئێزیدییان لە پارێزگای نەینەوا کوشتبێت. لە هەمان ئەو مانگەدا، ئۆباما کە ترسی هەبوو لە رووودانی ئەوەی خۆی پێی دەگوت: « potential acts of genocide» – واتە رەنگە ئەو کردەوانەی روویانداوە جینۆساید بن–،



لە سەردەمی پێش زایینەوە هەتا سەردەمی شۆڕشی پیشەسازی)، لەم هەوڵەیدا فۆکۆیاما گەڕاوە بە دوای ئەو نهێنییەی کە چۆن دەوڵەتان دەتوانن خاکەکەی خۆیان بپارێزن، بۆ ئەمەش ئاماژەی کردووە بە مۆدێلی دەوڵەتی چینی وەك بەهێزترین دەوڵەت لە مێژوودا بەوەی توانیویەتی سنووری خۆی بپارێزێت، کەواتە گەورەترین کێشەی دەوڵەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان ئەوەیە کە لە زۆر ناوچەی ئەم جیهانە دەوڵەتان ناتوانن خاکی خۆیان بپارێزن.

لەم خاڵەوە لەوانەیە عێراق باشترین نموونە بێت کە چۆن سوپاکەی لە بەردەم تیرۆریستانی داعش لەبەریەك هەڵوەشا، ئەو سوپایەی تەنیا ئیدارەی ئەمریکی بەهای ٢٥ ملیار دۆلاری پارەی تێدا خەرج کردبوو، هەموو چەکێکی پێشکەوتووی هاوچەرخی بۆ دابینکرابوو، بەڵام بەبێ ئەوەی یەك فیشەك بەرامبەر تیرۆریستانی داعش بتەقێنێت، ئەو سوپا زەبەلاحە لەبەریەك هەڵوەشا و هەموو چەکەکانیشی رادەستی تیرۆریستانی داعش کرد.

فەرمانی دەرکرد بە ئەنجامدانی هێرشـــی ئاسمانی لە دژی ناوچە مەحکەمەکانی دەوڵەتی ئیسلامی و نزیکەی ٥٠،٠٠٠ ئێزیدی رزگار کرد کە هەوڵیاندا لە دەســتی دەوڵەتی ئیســلامی هەڵبێن و لە چیای شەنگال گیریان خواردبــوو.  هەر خێزانێکی ئێزیدی کە چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کراوە لە راپۆرتەکەدا، ئەندامێکی خێزانەکەی رفێندراوە، یان کوژراوە. یەکێک لە ئافرەتە ئێزیدییەکان، کە لە لایەن توێژەرەکانەوە ناوی xianی لێنراوە، دەڵێت: «هەرگیز وێنای ئەو ئاســتەی توندوتیژییەم نەدەکرد کە لە دژی خەڵکی ئێزیدی ئەنجام دران. پێموا بوو جیهان زۆر لەوە پێشکەوتووترە، کەچی چەندەها منداڵم بینی لە چیاکە دەمردن، هیوادارم جارێکی دیکە و هیچ کەسێکی دیکە ئەمە نەبینێتەوە.»

نەتەوە یەکگرتووەکان بەو شـێوەیە پێناسەی جینۆســاید دەکات: «هەر کارێکی توندوتیژ، یان ناچارکردن بێت و بۆ مەبەســتی لە ناوبردنی بەشــێک، یان تێکڕای گرووپێکی نەتەوەیــی، ئیتنی، نەژادی یان ئایینی ئەنجام بدرێت». هەندێک لە خراپترین هەڵمەتەکانی لە ناوبردن لە جیهاندا بریتین لە کوشتنی شەش ملیۆن جوولەکە لە کارەساتی هۆلۆکۆستدا لە ئەوروپا و نزیکەی دوو ملیۆن کەمبۆدی لە سایەی حوکمڕانیی هیندە ســوورەکاندا. راپۆرتی جۆراوجۆر هەن لە بارەی ئەوەی لە هاوینی ســاڵی رابردوو چەند ئێزیدی کوژراون، بەڵام توێژەرانی مۆزەخانەکە دەڵێن کە بەربڵاویی هێرشەکان مەسەلەکە نییە، بەڵکو بوونی نیازی پشت ئەو هێرشانەیە لە دژی ئێزیدییەکان کە دەبێتەهۆی ئەوەی پێناسەی جینۆسایدیان بەسەردا داببڕێت.

بە پێی یاهو نیوز، بەرپرسانی ئەمەریکا سەرنجیان لەم پرسە داوە. لە ماوەی هەفتەکانی داهاتوودا وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا تاوتوێی ئەگەری بە جینۆســاید ناســاندنی ئەو تاوانانە دەکات کە لە دژی ئێزیدییەکان ئەنجام دراوە. بۆی هەیە هەنگاوێکی لەم چەشــنە ببێتەهۆی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی رەسمی و دادگاییکردن لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتیدا.




بۆیــە لەم خاڵەوە و بەرامبەر بە تێکشــکانی ســوپا تەقلیدییەکانی دەوڵەتانی ناوچەکە، دەوڵەتانی رۆژئاوا بەگشــتی و ئەمریکا بەتایبەتی دووچاری هێدمەیەك بوون بەوەی بۆچی سوپای ئەم وڵاتانە خۆیان لەبەردەم تیرۆریســتانی داعش ناگرن؟ هەربۆیەش لە سەرەتادا رۆژئاوا نە توانییان دەســتێوەردان بکەن، نە توانیشیان هیــچ بڕیارێك بدەن، هەتا ئەو کاتەی تیرۆریســتانی داعش هێرشــیان کردە ســەر شــنگال و دەستیان بە کۆمەڵکوژی و جینۆســایدی کوردانی ئێزیدی کرد، بەڵام دەستێوەردانەکەشــیان تەنیا لە ڕێی بۆردومانی هێزی ئاســمانییەوە بوو، بەڵام کاتێك بینینان لە سەر زەوی هێزێکی وەك هێزی پێشمەرگە و سەرۆکێکی وەك مسعود بارزانی بوونی هەیە، کە بە چەکی حەفتاکانی سەدەی رابردوو رووبەڕووی تیرۆریستانی داعش دەبنەوە و توانیویانە سنوورێك بۆ پێشڕەوییەکانی داعش دابنێن، وردە وردە لە هێرشــی ئاسمانییەوە هەنگاوەکان گۆڕان بۆ دارشــتنی ســتراتیژیەتی تێکشــکان و لەبەریەك هەڵوەشانی تیرۆریستانی داعش.

# کاتی خۆی بۆ هۆلۆکۆست هیچ نەکرا
# بەڵام دەبێت ئێستا بۆ ئێزیدییەکان هەموو جیهان بێتەدەنگ

مۆزەخانەی یادەوەری هۆلۆکۆست داوا لە ئیدارەی ئۆباما دەکات کار بکات بۆ راگرتنی – ئەوەی پێی دەووترێت– جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسلامی لە دژی ئێزیدییەکان، کارنەکردنیش بۆ راگرتنی هۆلۆکۆست بە بیر دەهێنێتەوە و دەڵێت: با ئەمە ببێتە هاندەر و پاساوێک بۆ ئەوەی لە ئێستادا ئەو کارە بکرێت.
سەرۆکی مۆزەخانەکە لە لێدوانێکیدا راگەیاند: «دەوڵەتی ئیسلامی– کە خۆی ئەم نازناوەی لە خۆی ناوە– هەڵمەتێکی بەربڵاو و سیستماتیکی و مەبەستداری بە گەڕ خستووە بۆ ئەنجامدانی پاکتاوی نەژادی و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی لە دژی کەمینە ئایینییەکانی عێراق، تەنیا بە هۆی بیروباوەڕە ئایینییەکەیانەوە. ئێمە بەرپرسیارێتی ئەخلاقیمان لەسەر شانە، نەک تەنیا بۆ ئەوەی ببینە شایەتحاڵی روودانی ئەو تاوانانە، بەڵکو بۆ ئەوەی کار بکەن لە پێناوی رێگری لێکردنیاندا.» لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەگەریشدا کە لە بەیانیی رۆژی ١٢ی ١١ی ٢٠١٥ ئەنجامدرا بەرپرسەکان رایانگەیاند: «لە هەڵمەتێکی مەبەستداردا دەوڵەتی ئیسلامی بە هەزاران ئافرەت و منداڵی کوردانی ئێزیدی رفاندووە و بە سەدان و رەنگە بە هەزاران کەسی لە کەمینە ئیتنی و ئایینییەکان کوشتووە.» لە سەروەختی کۆنفرانسە رۆژنامەوانییەکەدا، مارگێت مێیسنەر، کە یەکێکە لە رزگاربووانی هۆلۆکۆست و خۆبەخشانە لە مۆزەخانەکەدا کار دەکات، باسی لەوە کرد کە «لە سەروەختی روودانی هۆلۆکۆستدا هیچ کارێک نەکرا بۆ رێگری لێکردنی و داوای کرد لە ئێستادا دەستێوەردان بکرێت.» ئەو خانمە رایگەیاند:
«ئێمە شایەتحاڵی تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و پاکتاوی نەژادی و جینۆسایدین، دەبێت ئێمە دەنگ بەرز بکەینەوە، بەم کارەش ئەوە دەکەین کە لە سەروەختی هۆلۆکۆستدا لە بری جوولەکەکان نەکرا.»

● سەرچاوە: ئاژانسی جۆوش تەلەگرافیک



ئەم ستراتیژە لەگەڵ ئەوەی لە مانگی ئەیلوولی ٢٠١٤ـەوە لەلایەن سەرۆك ئۆباما-وە راگەیەندراوە، بەڵام بە کردەیی تەنیا لە کوردستان و لەو ناوچانەی کە سەرۆك بارزانی سەرۆکایەتی دەکات، توانیویەتی ئاکامێکی هەبێت، لەمەش زیاتر لەگەڵ راگەیاندنی ستراتیژیەتی دژی داعش و ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ و گۆڕینی ئاراستەی شەڕەکە لە کەوتنی کۆبانێ-وە بۆ رزگارکردنەوەی کۆبانێ لە ماوەی نزیکە ٨٥ رۆژدا، هەروەها ئازادکردنی زیاتر لە چەندین هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە بە دەستی پێشمەرگە لە کۆتایی ٢٠١٤، ئەمانە هەموویان بوونە هۆکاری ئەوەی هاوکاری و پشتگیری لۆجیستی و چەك بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان بچێتە قۆناخێکی دیکە. بەڵام لە دوای ئازادکردنەوەی شنگال و ئەو متمانە گەورەیەی جیهان بە گشتی و ئەمریکا بەتایبەتی بە توانا و ئیرادە و مۆراڵی بەرزی پێشمەرگە، لە ئێستا ئاراستەی شەڕەکە وەرچەرخانێکی دیکەی بەخۆیەوە بینیوە، ئەویش لەتکردنی دەوڵەتی ئیسلامییە لە عێراق




و سووریا، دابڕانی موسڵ لە ڕەقە، ئەمە وادەکات کە هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی بەگشتی و ئەمریکا بە تایبەتی زیاتر پێگەی خۆیان لە کوردستان بەهێز بکەن و لە کوردستانەوە ستراتیژیەتی تێکشکان و لەبەریەك هەڵوەشانی تیرۆریستان بە کردەیی دەست پێبکەن.

**● تەنیا بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان و دوورکەوتنەوە لە ئاڵای حزبی**


وانەیەکی دیکە کە لە ئازادکردنی شەنگال و پەیامی سەرۆك بارزانی بە بۆنەی ئەم سەرکەوتنە گەورەیە فێری دەبین، جەختکردنەوەی سەرۆك بارزانی بوو لەسەر تەنیا هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە ناو شنگال و دوورکەوتنەوە لەململانێی سیاسی و حزبی بۆ ئەوەی سەرکەوتنەکە وەك سەرکەوتنی نەتەوە و پێشمەرگە وەك سوپای بەرگری کوردستان دەربکەوێت. ئەم جەختکردنەوەی سەرۆك بارزانی لەسەر ئاڵای کوردستان و هێزی پێشمەرگە وەك هێزی بەرگری و رزگارکەری خاکی کوردستان، کە دەشێت

نەخشەکان وەك زمانی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە ناو میدیاکانی جیهاندا



وەك بەشـــێکی دیکەی پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە و دەوڵەت لە فیکری بارزانیدا ســـەیر بکرێت، بەداخەوە لەسەر ئاستی ناوخۆ و بیرکردنەوەی تەسکی حزبایەتی خەریکـــە جۆرێك لە تەمومژی نەخـــوازراو دەدەن بە رووی ئەم سەرکەوتنەدا، ئەمە لە کاتێکدایە کوردستان ئەمڕۆ بە قۆناخێکدا تێدەپەڕێت، کە هەنگاوی سەخت و گەورەی لەبەردەمدایە و گەیشتۆتە قۆناخێك بەرەو هەورازی لوتکەی ســـەرفرازی هەنگاو هەڵدەگرێت، بەڵام بیروبۆچوونی حزبی و بەرژەوەندیی تەســـکی حزبایەتی لە هەوڵێکی نەزۆکدان بۆ ئەوەی ئاستەنگ لە بەردەم ئەم پرۆسە نیشتمانییە دروست بکەن.

ئەوەی بۆ ئێســـتا و ئایندەی کوردستان لە تێڕوانینی جیهانـــدا گرنگـــە، ئەوەیە کە هێزی پێشـــمەرگەی کوردستان سوپای دەوڵەتی ئایندەی کوردستان بێت، دەوڵەتی کوردســـتان کە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، لای هەندێك لایەن جێگەی بڕوا پێهێنانی تەواو نییە، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع و لە چوارچێوەی تێڕوانینی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ چۆنیەتی ســـەرکەوتن لە شەڕی دژی داعشدا، ئەم دەوڵەتە بۆتە پێویستییەکی بردنەوەی ئەم شـــەڕە، هەروەها دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بۆتە پێویستیەك بۆ چۆنیەتی داڕشتنەوەی ستراتیژیەتی نێودەوڵەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دووبارە گێڕانەوەی سەقامگیری بۆ ئەم ناوچە هەستیار و گرنگە، لە بەرامبەر ئەم راستییە حاشەهەڵنەگرەدا، لەوانەیە تێڕوانینی کۆن بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت، یان بەرگری دەوڵەتانی ناوچەکە بۆ مانەوەی سیستەمە کۆنەکە و جوگرافیای دەوڵەتە کۆنەکان بە نەگۆڕی هەبن، بەڵام ئەمانە هیچیان لەو راستییە ناگۆڕن کە سیســـتەمە کۆنەکە و جوگرافیای دەوڵەتە کۆنەکانی ناوچەکە سەرچاوەی قەیران و گرفتی ئەم ناوچەیەن و دەبێت بوار بدرێت دەوڵەتی تازە بۆ چارەســـەرکردنی ئەم قەیرانـــە لەدایك بێت، جوانتریـــن مۆدێلیش بۆ دەوڵەتێك کە بتوانێت تیرۆریســـتان تێکبشـــکێنێت، مۆدێلی دەوڵەتی کوردستانە.



## دانیاڵ پایپز

### بەڕێوەبەری کۆڕبەندی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# هێزی داعش لە لاوازیی دوژمنەکانیدایە

**دانیاڵ پایپز، یەکێکە لە دامەزرێنەران، هەروەها بەڕێوەبەری کۆڕبەندی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پێشتر توێژەر بووە لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیك، ستوون نووسی ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمز و جۆرەزەلیم پۆستـە و پێشتر وانەبێژ بووە لە زانکۆی هارڤار و شیکاگۆ و پەنسلڤانیا، هەروەها بەڕێوەبەری ئامۆژگای سیاسەتی دەرەوە بووە. لە وەڵامی چەند پرسیارێکی گوڵاندا تێڕوانینەکانی خۆی بە کورتی لە بارەی چەند پرسێکێ پەیوەست بە داعش و ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست و دیموکراسی لە ڕۆژئاوا و ڕۆڵی ئێران لە ناوچەکەدا دەربڕی، ئێمەش بە باشمان زانی وەك وتارێکی کورت بڵاوی بکەینەوە**

«لە تێڕوانینی مندا سەرهەڵدانی داعش بۆ لاوازیی دەوڵەتان دەگەڕێتەوە. لە ڕاستیدا ئەو پشێوییەی دروست بووە، کێشەیەکی نوێیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، شتێکە کە تەنانەت ڕەنگە خراپتر بێت لە ستەمکاری. ئەو بارودۆخەی لە ئارادایە هەل و مەرجی ساڵی ١٩١٦ نییە و -سایکس پیکۆ-یەکی تری نوێ نییە. بە بۆچوونی من دەبێت خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست داهاتووی خۆیان درووست بکەن و پشت بە بێگانەکان نەبەستن. ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە عەرەبە سوننەکان دوو وەڵامی زۆر جیاواز بۆ داعش پیشان دەدەن: -خۆشی و ترس -. یەکەمیان سەرنجی زیاتر ڕادەکێشێت لەبەر ئەوەی مایەی تاسانە، بەڵام ئەوەی دووەمیان گرنگترە. هەروەها پێویستە وڵاتانی ڕۆژئاواش ئەو ڕاستییە بزانن کە دیموکراسی ڕێککەوتنی خۆکوژی نییە. بەشداری سیاسی و ئازادی ڕادەربڕین وەرناگێڕدرێت بۆ ئازادی بۆ هاندان و تێوەگلان لە توندوتیژی. ئەوەی پەیوەست بێت بە ئێرانەوە، ئەوا دەڵێم کە ڕێوی ناتوانێت پاسەوانی کولانەی مریشك بکات و حکومەتی ئێرانیش ناتوانرێت داوای لێبکرێت هاوکار بێت بۆ سەقامگیرکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئامانجی ئێران ئەوەیە نەخشەی ناوچەکە بکێشێتەوە. هەروەها تا سعودیە و ئەوانی دیکە ئێران وەك مەترسی سەرەکی ببینن، ئەوا لەگەڵ ئیسرائیل کار دەکەن. کاتێك مەترسییەکان نەما، ئەوا دەکشێنەوە.

## باڵیۆز پێتەر گالبریس بۆ گوڵان:

# ئازادکردنی شنگال ڕۆژێکی مێژووییە بۆ هەموو کوردستان و سەرۆک بارزانی شایستەی ستایشێکی گەورەیە

سەرۆک بارزانی، کەسایەتییەکی پاڵەوانە، ئەوەی باوە سەرۆکەکان لە پایتەختدا دەمێننەوە، بەڵام ئەو ڕۆڵی فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی ئەدا کرد و نەخشەی ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی زۆر ئاڵۆزی دارِشت و خۆی لەوێ بوو و ژیانی خۆی خستە مەترسییەوە لە بەرەی پێشەوەی شەرِدا ئامادەیی هەبوو. شتێکی دیکە کە بە شەخسی لەباری ئەوەوە دەیزانم ئەوەیە کە ئەو سەرکردە و فەرماندەیەکی سەربازییە کە زۆر بە تەنگ گیانی سەربازەکانیەوەیەتی.

لەبەر ئەوە ئەم ئۆپەراسیۆنە بە ژمارەیەکی زۆر کەمی قوربانی ئەنجام درا. ئەمەش جێی ستایشە بۆ پێشمەرگە، هەروەها بۆ سەرکردایەتیی مسعود بارزانی و فەرماندەکانی دیکە.



**پیتەر گالبرێس کەسایەتییەکی ئەکادیمی و نووسەر و راوێژکارە و پێشتر باڵیۆزی ئەمەریکا بووە لە کرواتیا. لە ساڵانی هەشتاکان و سەرەتای ساڵانی نەوەتەکاندا رۆڵی هەبوو لە پەردەلادان لەسەر گازبارانکردنی شاری هەڵەبجە لەلایەن سەددام حوسێن-ەوە. هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٣دا راوێژکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو. پیتەر خاوەنی کتێبی «کۆتایی عێراقە» و پێداگیری کردووە لەسەر ئەوەی عێراق پارچە پارچە بووە و نابێت جارێکی دیکە هەوڵی بنیادنانەوەی حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز بدرێتەوە بۆ ئەوەی خۆی بەسەر کوردستاندا بسەپێنێت. گوڵان بە باشی زانی لەم ساتەوەختەدا دیدارێکی لەگەڵدا ئەنجام بدات و پرسی رزگارکردنی شنگال و رۆڵی سەرۆک بارزانی لە دارشتن و جێبەجێکردنی نەخشەی ئەم سەرکەوتنە سەربازی و ستراتیژییە، هەروەها بە جینۆساید ناساندنی کارەساتی ئێزیدییەکان لە لایەن مۆزەخانەی یادەوەری هۆلۆکۆست-ەوە، بوونە تەوەری دیدارەکە، ئەمەش دەقی وتووێژەکەیە.**

*** لە عێراقدا سێ شوێن گرنگ بوون کە لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە داگیرکرابوون، رومادی و تکریت و شنگال، لە ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی شنگالیشدا -کە ٣٠ سەعاتی خایاند- توانرا رێگەی سەرەکیی نێوان موسڵ و رەققە بپچڕێندرێت، کە ئەمە گوزرێکی گەورە دەبێت بۆ ئەو تیرۆریستانە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا گرنگی و بایەخی ئەم سەرکەوتنە لە چیدا بەرجەستە دەبێت؟**

- ئەمە بەرجەستەبوونی بوێری و پاڵەوانێتیی پێشمەرگەیە، هەروەها بەڵگەیە لەسەر کارامەیی سەربازیی فەرماندەکانی پێشمەرگە، کە گەورەترین هێزیان لە شەڕی دژ بە داعشدا ساز داوە، کە تا ئێستا ئەو هێزە ئامادەیی هەبووە. هەروەها ئۆپەراسیۆنێکی زۆر سەرکەوتوویان ئەنجامدا و بە باوەڕی من ئامانجەکانی خۆی پێکاوە کە ژمارەیەکی زۆر کەمی قوربانیشی لێکەوتۆتەوە. بە هەمان شێوە دەڵێم سەرۆک مسعود بارزانی شایستەی ستایشێکی گەورەیە، شتێکی باو نییە کە سەرۆک خۆی لە بەرەی شەڕدا بێت و خۆی فەرماندەیی بکات. ئەمە ئاماژەیە بە پابەندبوونی کوردستان و سەرۆکەکەی بە ئازادکردنی سەرجەم خاکی کوردستان. ئەمەش زۆر جیاوازە لەوەی لە عێراقدا بینیمان، کە سوپای عێراق لە رووبەڕووبوونەوەدا هەڵدێت، بە هەمان شێوە سەرکردە سیاسییەکانی عێراق ئەرکی سەرکردایەتی ئەدا ناکەن. ئەمە جیاوازییەکی گەورەیە و رۆژێکی گەورەیە بۆ هەموو کوردستان.

*** هەروەك ئاماژەتان پێکرد سەرۆك بارزانی خۆی لە بەرەی پێشەوەی شەڕەکاندایە، ئایا ئەمە چ پەیامێك دەبەخشێت و چ مانایەکی هەیە؟**

- ئێوە پێش ئەوەی پرسیارەکە بکەن، من ئەمەم راگەیاند و دووبارەی دەکەمەوە کە سەرۆکەکەتان- سەرۆك بارزانی- کەسایەتییەکی پاڵەوانە، ئەوەی باوە سەرۆکەکان لە پایتەختدا دەمێننەوە، بەڵام ئەو رۆڵی فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی ئەدا کرد و نەخشەی ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی زۆر ئاڵۆزی دارشت و خۆی لەوێ بوو و ژیانی خۆی خستە مەترسییەوە لە بەرەی پێشەوەی شەڕدا ئامادەیی هەبوو. شتێکی دیکە کە بە شەخسی لەباری ئەوەوە دەیزانم ئەوەیە کە ئەو سەرکردە و فەرماندەیەکی سەربازییە کە زۆر بە تەنگ گیانی سەربازەکانیەوەیەتی، واتە ئەو نایەوێت گیانی سەربازەکانی بە هەدەر بدات، چونکە باوەڕی وایە ئەگەر پێویست نەبوو، نابێت گیانیان بکەوێتە مەترسییەوە. لەبەر ئەوە ئەم ئۆپەراسیۆنە بە ژمارەیەکی زۆر کەمی قوربانی ئەنجام درا. ئەمەش جێی ستایشە بۆ پێشمەرگە، هەروەها بۆ سەرکردایەتیی مسعود بارزانی و فەرماندەکانی دیکە.

*** ئایا تا چەند ئەم سەرکەوتنە دەبێتە هۆی ئەوەی**

**ســـــتراتیژیەتی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتـــی دژ بە داعش بە ســـەرکردایەتی ئەمەریکا بخاتە ســـەر سکەی خۆی، کە تەوەری ئەم ســـتراتیژیەتەش بریتییـــە لە لاوازکردن و تێکشکاندنی داعش؟**

- ئەو راستییەتان لە یاد بێت کە سەرۆك ئۆباما بە هۆی شـــنگال -ەوە بوو کە بڕیاری دا لە رووی ســـەربازییەوە دەســـتێوەردان بکات، لە مانگی ئابی ٢٠١٤دا فەرمانی بە ســـوپای ئەمەریکا کـــرد بۆ ئەنجامدانـــی گورزی سەربازی بۆ پاراستنی دانیشتووانی ئێزیدییەکان لە دژی جینۆسایدکردنیان، لەبەر ئەوە پێموایە ئەمە سەرکەوتنێکی زۆر گرنگە بۆ ســـەرۆك ئۆباما کە ئەو شـــوێنەی تێیدا جینۆســـاید لە دژی ئێزیدییەکان ئەنجامدرا لە ئێســـتادا رزگارکراوە. کێشەکە ئەوەیە تێکشکاندنی داعش پێویستی بە هێزی زەمینی هەیە، لە کوردســـتاندا پێشـــمەرگە ئەو هێـــزە زەمینییەیە، بەڵام ئـــەوان ناچن شـــەڕ لە ناوچە عەرەبییەکانـــدا بکـــەن، چونکە جێی پێشـــوازیکردن نین لەلایەن دانیشـــتووانە عەرەبەکانی ئەو ناوچانەوە. هەروەها زەحمەت دەبێت بۆ ســـەرۆك بارزانی کە بـــە خانەوادەی شـــەهیدێك بڵێت کوڕەکەتان لە پێناوی عێراقدا کوژراوە، پێشـــمەرگەی کوردیش ئامادەی شـــەڕکردن و مردنن لە پێناوی کوردســـتان، نەك عێراقدا. کێشەکە ئەوەیە سوپای عێراق ئەو هێزەی نییە.

*** مۆزەخانەی یادەوەری هۆلۆکۆست راپۆرتێکی بڵاوکردەوە لەبارەی کارەساتی ئێزیدییەکان و ئەو تاوانانەی دەرهەقیان کراوە بە جینۆســـاید ناســـێنرا، ئایا تا چ رادەیەك ئەمە کاریگەریی دەبێت لەسەر خستنەگەڕی هەوڵەکان لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بـــۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوەی شارەکە و رێگەگرتن لە دووبارەبوونەوەی ئەو کارەساتە؟**

- لە دوای ساڵی ١٩٤٥ـەوە کەیسی ئێزیدییەکان روونترین کەیسی جینۆسایدە، لە یادتان بێت دەستەواژەی جینۆساید بە پێی پەیماننامەی جینۆســـاید پێناســـە دەکرێت، وەك کاری بەکۆمەڵ کوشـــتن، یان راگواستن یان سەپاندنی هـــەل و مەرجێك کە مایـــەی بەرگەگرتن نەبێت، وەك بە کۆیلەکردنی سێکســـی، ئەویش بە ئامانجی لە ناوبردنی تێکڕا، یان بەشـــێکی گرووپێکی ئیتنی یان ئایینی، کە داعش خۆی رایگەیاند نیازی لە ناوبردنی ئێزیدییەکانی هەیە، هەروەها دەستیان دایە کوشتنی بە کۆمەڵی پیاوان و کوڕانی ئێزیدی و بە کۆیلەکردنی ئافرەتان و منداڵانیان. لەبەر ئەوە ئەمە کەیسێکی زۆر روونی جینۆسایدە. لێرەدا من وەك کەســـێك قســـە دەکەم کە تا رادەیەك شارەزای ئـــەم بوارەم کـــە رۆڵم هەبووە لە پـــەردەلادان و بە جیهان ناساندنی جینۆسایدی کورد لە ساڵی ١٩٨٨دا، هەروەك لە سەروەختی شەڕی بۆسنیا-دا من باڵیۆز بووم لە کرواتیا. لە نزیکەوە روودانی جینۆسایدم بینی لە دژی موسڵمانە بۆســـنییەکان و هەوڵی رێگریکردنیم دا. لەبەر ئەوە ئەمە پرسێکە کە جێی بایەخپێدانی قووڵی منە، چونکە هەروەك وتم، تا رادەیەك شارەزاییم هەیە لەبارەیەوە.

*** حاڵی حازر کێشـــەیەکی سیاســـی هەیە لە ناوخۆی هەرێمی کوردســـتاندا، هەروەها مشت و مڕ هەیە لەسەر پرسی سەرۆکایەتی هەرێم، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە کە لە کاتێکدا ئەم هەرێمە رووبەڕووی ئەم شەڕە قورسە بۆتەوە، ئایا پێویستی بەوە نییە سەرۆکێکی بەهێز و خاوەن بڕیاری هەبێت؟**

- بە دڵنیاییەوە دەزانم کە سەرۆك بارزانی دەیەوێت هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت بۆ یەکلاکردنەوەی پرســـی سەرۆکایەتی، ئەمـــەش بەلای منەوە لۆژیکـــی تێدایە. بەڵام من دەڵێم گرنگە خەڵکی کوردســـتان یەکریز و یەکگرتوو بن، نەك تەنیا لەبەر شـــەڕی داعش، بەڵکو لەبـــەر ئەوەی ئەمە دەرفەتێکیشە بۆ ســـەربەخۆیی، دەرفەتە بۆ سەربەخۆیی لەبەر ئەوەی لەم ساتەوەختەدا لە سەرووی بەغداوە عێراق لە ئارادا نەماوە و خەســـڵەتی نیشتمانی لە دەست داوە و بۆتە دەوڵەتی شیعە. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش ئەو راستییە لەبەرچاو دەگرێت کە کورد زیاتر لە هەموو بەشـــەکانی دیکەی عێراق دیموکراتین و مەیلیان بۆ رۆژئاوا هەیە و هاوپەیمانێکی راستەقینەن، هەروەها هاوسۆزییەکی گشتی هەیە بۆ خەڵکی کوردســـتان و سەرســـامییەك هەیە بۆ پاڵەوانێتی ئەوان. سەرکردە و خەڵکانی رۆژئاوا -هەروەها ئەمە بۆ رووســـیاش راســـتە- دەزانن کە لەم ساتەوەختەدا ســـەربەخۆبوونی کوردســـتان کارێکی راست و دروستە و پێموایە قبوولیشی دەکەن. کەواتە ئەمە هەلێکی رەخساوە و ئەو هەلـــەش بۆ هەتا هەتایە نامێنێتـــەوە. لەبەر ئەوە ســـەرەڕای تێکشکاندنی داعش ئەمە دەرفەتێکی گرنگە بۆ ئەوەی خەڵکی هەرێمی کوردستان لە خەڵکی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە ببنە خەڵکی کۆماری سەربەخۆیی کوردستان.

*** ســـەرۆك بارزانی لـــە کۆنفرانســـە رۆژنامەییەکەیدا سوپاسی ئەمەریکای کرد بۆ هاوکاریکردنی پێشمەرگە لە رێی هێزی ئاســـمانییەوە، هەروەها پێشمەرگەش جارێکی دیکە ئەوەی سەلماندەوە کە هێزێکی کاریگەرە لە شەڕی دژ بـــە تیرۆردا، پرســـیارەکە ئەوەیە ئایا لـــە داهاتوودا هاوکاری زیاتری پێشمەرگە ناکرێت بە چەك و کەلوپەلی پێویســـت بۆ ئەوەی زیاتر ســـەرکەوتن بە دەست بێنێت بە سەر تیرۆردا؟**

- سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە من شانازی بەوەوە دەکەم کە وڵاتەکەی من بۆتە هێزی ئاسمانی بۆ هەرێمی کوردستان. پێموایە شتێکی بێ مانایە چەکی باشتر بە سوپای عێراق

**شتێکی باو نییە کە سەرۆک خۆی لە بەرەی شەڕدا بێت و خۆی فەرماندەیی بکات. ئەمە ئاماژەیە بە پابەندبوونی کوردستان و سەرۆکەکەی بە ئازادکردنی سەرجەم خاکی کوردستان**

**سەرۆک بارزانی دەیەوێت هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت بۆ یەکلاکردنەوەی پرسی سەرۆکایەتی، ئەمەش بەلای منەوە لۆژیکی تێدایە. بەڵام من دەڵێم گرنگە خەڵکی کوردستان یەکریز و یەکگرتوو بن، نەک تەنیا لەبەر شەڕی داعش، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەمە دەرفەتێکیشە بۆ سەربەخۆیی**

**یەک ملیۆن و ٥٠٠ هەزار عێراقی غەیرە کورد لە کوردستاندا پەنادراون، کە زۆربەیان سوننەن و ئەوانی دیکەش کەمینەن، بەڵام حکومەتی عێراق بایەخیان پێنادات و خەمیان لێناخوات، بەڵکو ئەو خەڵکانەش بە عێراقی نازانێت**

**بەغدا پێی باشتر بوو داعش کوردستان داگیر بکات، نەک کوردستان وەک هەرێمێکی سەر بە عێراق بمێنێتەوە و بەردەوام بێت، ئەمە پەیامی ئەوان بوو. تەنانەت لە نێو جەرگەی شەڕیشدا کە کوردستان هێزی بۆ شەڕەکە دەستەبەر کردووە، بەغدا بودجە دابین ناکات**

بدەین، نەك بە پێشمەرگە، چونکە سوپای عێراق نەك شەڕ ناکات، بەڵکو چەکەکەی دەداتە دەستی داعش. یەکێك لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی داعش لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠١٤ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو هەموو چەکە ئەمەریکییەی لەبەردەستدا بوو کە سەرچاوەکەی سوپای عێراق بوو. لەبەر ئەوە نابێت ئەمەریکا چەك بداتە سوپای عێراق، بەڵکو پێویستە ئەو چەکانە بۆ پێشمەرگە بن، لەبەر ئەوەی ئەوان هاوپەیمانی راستەقینەن.

*** هەر رزگاردنی شەنگالیش بەڵگەیەك بوو لەم رووەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە، چونکە خۆ لە لایەن سوپای عێراقەوە رزگار نەکرا، لەبەر ئەوە ناتوانیت لەم رووەوە بەراوردی بکەیت، چونکە لە راستیدا سوپای عێراق خاکی لە دەستدا، رومادی لە دەستدا.

*** حاڵی حازر هەرێمی کوردستان لە کێشە و ناکۆکیدایە لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی عێراق، ئەم حکومەتە بەشە بودجەی هەرێمی بڕیوە، هەروەها کوردستان بۆتە لانەی ١,٦ ملیۆن پەنابەر و ئاوارەی ناوخۆ و سنوورێکی ١٠٠٠ کیلۆمەتری لەگەڵ داعشدا هەیە، لەم کاتەدا کوردستان و سەرکردایەتی ئەم هەرێمە بە سەرۆکایەتی بارزانی پێیانوایە دەکرێت هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی هەڵبگیرێت و لەم رووەوە راپرسی ئەنجام بدرێت، بۆچوون و تێڕوانینی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- پێموایە پێویستە بە زووترین کات ئەم راپرسییە رێکبخرێت و ئەنجام بدرێت، واتە لە مانگی کانوونی یەکەم، یان شووباتی ساڵی داهاتوودا. ئەمە دەرفەتێکی رەخساوە بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بۆ کوردستان. سەرتاسەری جیهان بە سەرسوڕمانەوە لە بوێری و ئازایەتیی پێشمەرگە دەڕوانن، هەموو کەس لە رەوایەتیی



کێشـــەی کوردستان تێدەگات و هاوســـۆزییەکی یەکجار زۆر هەیە بۆ کوردســـتان. مەسەلەیەکی دیکە ئەوەیە کە حکومەتی بەغدا ئەو راستییەی پیشانداوە کە کوردستان بە بەشێك لە عێراق نازانێت، تەنیا لەوە بڕوانن کە روویدا، دوای گرتنی موسڵ لە لایەن داعشەوە، ئایا حکومەتی بەغدا چی کرد؟ ئاسمانی کوردستانی داخست بە رووی فڕۆکە بارهەڵگرەکاندا بۆ رێگریکردن لەوەی چەك نەگاتە دەستی کوردستان تاوەکو بەرگری لە خۆی بکات لە دژی داعش، بە دەربڕین و گوزارشتێکی دیکە، بەغدا پێی باشتر بوو داعش کوردســـتان داگیر بکات، نەك کوردستان وەك هەرێمێکی سەر بە عێراق بمێنێتەوە و بەردەوام بێت، ئەمە پەیامی ئەوان بوو. تەنانەت لە نێو جەرگەی شەڕیشـــدا کە کوردســـتان هێزی بۆ شەڕەکە دەستەبەر کردووە، بەغدا بودجە دابین نـــاکات. هەروەها یەك ملیۆن و ٥٠٠ هەزار عێراقی غەیرە کورد لە کوردستاندا پەنادراون، کە زۆربەیان ســـوننەن و ئەوانی دیکەش کەمینـــەن، بەڵام حکومەتی عێـــراق بایەخیان پێنادات و خەمیان لێناخوات، بەڵکو ئەو خەڵکانەش بە عێراقـــی نازانێت. لەبەر ئەوە پەیامەکەیان ئەوەیە کە بەغدا تەنانەت گرنگی و بایەخ بە کوردســـتان نادات و تەنانەت خەمی سوننەکانیشـــی نییە و ئەوانە بە عێراقی نازانێت. لەبەر ئەوە مایەی تێگەیشـــتنە کە لەم ساتەوەختەدا کوردستان هەنگاوی جیابوونەوە هەڵبگرێت و رێگەی خۆی بگرێتەبەر و راپرسی ئەنجام بدات.

*** دوا وتەت چییە؟**

- جیهان سوپاســـگوزارە بۆ قارەمانێتـــی و پاڵەوانێتیی پێشـــمەرگە لە رزگارکردنی شـــەنگالدا. منیش لە پاڵ جیهاندا سڵاوی خۆم بۆ پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان دەنێرم.

**سەرۆک ئۆباما بە هۆی شنگال -ەوە بوو کە بڕیاری دا لە رووی سەربازییەوە دەستێوەردان بکات، لە مانگی ئابی ٢٠١٤دا فەرمانی بە سوپای ئەمەریکا کرد بۆ ئەنجامدانی گورزی سەربازی بۆ پاراستنی دانیشتووانی ئێزیدییەکان لە دژی جینۆسایدکردنیان، لەبەر ئەوە پێموایە ئەمە سەرکەوتنێکی زۆر گرنگە بۆ سەرۆک ئۆباما کە ئەو شوێنەی تێیدا جینۆساید لە دژی ئێزیدییەکان ئەنجامدرا لە ئێستادا رزگارکراوە**





مەحما خەلیل قاسم قائیمقامی شنگال بۆ گوڵان:

# بە سەرپەرشتیی راستەوخۆی سەرۆک بارزانی و قارەمانی هێزی پێشمەرگە شنگال ئازاد کرا

## بە پشتیوانیی سەرۆک بارزانی شنگال جوانتر دروست دەکرێتەوە

# بەشداری هێزی دیکە لە پرۆسەی ئازادکردنی شنگالدا وەک هەندێک لە میدیاکان باسی دەکەن، دوورە لە راستی و چاویان بەسەرکەوتنەکانی پێشمەرگە هەڵنایەت

**ئازادکردنی شنگال بە سەرپەرشتیی راستەوخۆی سەرۆك بارزانی و لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزی ئاسمانی هاوپەیمانان، وەرچەرخانێکی گەورەی لە ستراتیژیەتی هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی بۆ تێکشـــکان و لە ریشەهەڵکێشانی تیرۆریستانی داعش دروســـتکرد. ئازادکردنی شنگال بەڵێنی سەرۆك بارزانی بوو بۆ کوردانی ئێزیدی و تۆڵەکردنەوە بوو لە تیرۆریســـتانی داعش. رۆژی ئازادکردنی شـــنگال ئەگەر بۆ گەلی کوردســـتان و تەواوی هاوپەیمانانی دژەتیـــرۆر رۆژێکی مێژوویی بێت، ئەوا بۆ کوردانـــی ئێزیدی ئەم رۆژە بۆتە جەژنێکی مێژوویی و وەك جەژن ســـەیری دەکەن. بۆ قســـەکردن لەسەر بایەخی ئەم سەرکەوتنە و بەرنامەی داهاتوو بۆ ئاوەدانکردنەوەی شـــنگال، گوڵان ئەم دیمانە تایبەتەی لەگەڵ مەحما خەلیل قائیمقامی شـــنگال ئەنجامداوە و بەمجۆرە سەبارەت بەم سەرکەوتنە گەورەیە و بەرنامەی داهاتوو بۆ بونیادنانەوەی شنگال هاتەئاخاوتن.**

*** دوابـــەدوای تەواوبوونی ئۆپەراســـیۆنی رزگارکردنی شـــنگال و هەڵکردنی ئاڵای کوردســـتان و پەیامەکەی جەنابی ســـەرۆك بارزانی، ئایا خوێندنەوەت بۆ رەوشەکە چییە؟**

- ئۆپەراســـیۆنی رزگارکردنی شـــنگال لە بەرژەوەندیی هەمـــوو مرۆڤایەتییدا بوو، داخوازی و ئومێدی گەورەی خەڵکی شنگال بوو، بە ناوی خەڵکی شنگال و ئیدارەی شارەکە زۆر سوپاسی خوای گەورە دەکەین بۆ سەلامەتیی پێشمەرگە و ئەو هێزەی شنگالی رزگارکرد، ئەمڕۆ شنگال بە پلان و ئۆپەراســـیۆنێکی ســـەربازی بە سەرپەرشتیی جەنابی سەرۆك بارزانی بوو، بە پشتیوانیی پێشمەرگە و لەسەر داخوازیی خەڵکی شنگال و ئێزیدی چیای شنگال بوو، کە داوامان کردبوو شـــنگال بە زووترین کات رزگار بکرێت، بەڵێنیشمان دابوو کە هیچ بستێك لە خاکی شنگال و دەوروبەری لە ژێر دەستی داعشی تیرۆریست نەمێنێت، بۆیە رزگارکردنی شارێکی وەك شنگال لە ماوەی کەمتر لە ٤٨ سەعاتدا پەیامێکە کە پێشمەرگە دەتوانێت شەڕی داعش بکات و دوژمن لەو دەڤەرە وەدەربنێت، کە ســـوپای دیکە بە چەند ساڵ ناتوانێت شارێکی وەها رزگار بکات، پەیامێکە بۆ ئەو خوشـــك و دایکانەی کە لە ژێر دەستی داعشـــدان، پەیامێکە بـــۆ گەڕاندنـــەوەی کەرامەت بۆ خەڵکی شـــنگال وەك پایتەختی ئێزیدییان، وەك شـــنگال کـــە هێمـــای مرۆڤایەتییە، هەروەها ئومێـــد دەکەین کە شـــنگال ببێتە پارێزگایەك وەك داخوازییەکی خەڵکەکە، هەتا ئەگەر نەکرێتە پارێزگاش پێویستە جینۆساید ببێتە ناسنامەی شنگال، دەبێ کۆنفرانسێك بۆ ئاوەدانکردنەوەی شارەکە ببەسترێت، هەوەها قەرەبووی مەعنەوی و ماددی خەڵکی شـــنگال بکرێتەوە، لە رووی خزمەتگوزاریشەوە سندووقێکی نێودەوڵەتی بۆ دابمەزرێ، دەزانین کە بەغدا هیچ هاوکارییەکی نەکردووە و ناشـــیکات، داوادەکەین بە زووترین کات پرۆســـەی ئاوەدانکردنەوەی شارەکە دەست پێبکات، خەڵکەکە بگەڕێتەوە ســـەر ماڵ و حاڵی خۆیان و قەرەبووی هـــەژارەکان بکرێتەوە، لە هەمووش گرنگتر وەك داخوازییەکی خەڵکی شنگال و بەتایبەتی ئێزیدیان و چیای شـــنگال کە سونبلی ئایینی ئێزیدییانە دیلەکانمان لە ژێر دەســـتی داعش رزگار بکرێن، ئێمە پێمانوایە ئەم رزگارکردنە جەژنێکی نەتەوەیی و ئایینی و نیشتمانییە، هەروەهـــا بەو رزگارکردنە هەیبـــەت و کەرامەتی داعش کەوتە ژێر پێڵاوی پێشمەرگە و رێگەی ستراتیژیی نێوان رەققە و مووسڵ پچڕا.

*** بەشـــداریکردنی راستەوخۆی جەنابی سەرۆك بارزانی تا دواســـاتی رزگارکردنی شنگال و وتە بەنرخەکانی چ پەیامێکی بە جیهان گەیاند؟**

- وتارەکەی جەنابی سەرۆك دووپاتکردنەوەی بەڵێنەکەی بوو کە بەر لەســـاڵێك بە ئێزیدییانـــی راگەیاند، کە یان رزگارکردن، یان مردن، بەڵێنیشی دا بارەگایەکی تایبەت لە رۆژئاوای دیجلە لەبەر خاتری رزگارکردنی شـــنگال دابنرێت، ئەوەبـــوو بەڵێنەکەی بەجێهێنـــا، بەیاننامەکی

**رۆژێک نەمبینی یوسف محەمەدی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان سەردانی چیای شنگال بکات، ئێمە زانیاریمان هەیە، یوسف محەمەد رێگر بووە لە ناو پەرلەمان باسی ئێزیدی بکرێت**

جەنابی سەرۆك پەیامێك بوو بۆ ئەوانەی لە جینۆسایدی شنگال ئەگەر دەستیان نەبوو، یان هاوكاریی تیرۆریستانیان نەكردبوو، ببەخشرێن، بەڵام ئەوانەی دەستیان لەم كارەساتەدا هەبوو لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەكرێت و بە هیچ شێوەیەك لێیان نابوورین. پەیامێكە بۆ ئێزیدییان كە پشتیوانییەكتان هەیە ئەویش سەرۆك بارزانی و هەرێمی كوردستانە و هەمیشە پارێزگاریتان لێدەكرێت، هاوكات پەیامێك بوو كە هیچ هێزێكی دنیا ناتوانێت ئایینی ئێزیدی لەناو ببات. ئەوە پەیامێكە بۆ ئەوەی كە شنگال شاری ئێزیدییانە و چیای شنگالیش سونبلی نەتەوەییە، بۆیە پێویستە خزمەتێكی بەرچاو بكرێت و بە زووترین كات ئاوەدان بكرێتەوە.

*** وەك بەشداربوویەك لەو ئۆپەراسیۆنە جگە لە هێزی پێشمەرگە و فڕۆكەكانی هاوپەیمانان هیچ هێزێكی دیكە بەشداربوون؟**

- پێش دەستپێكردنی پرۆسەی ئازادكردنی شنگال، هێزی یەپەگە ئاستەنگی دەخستە بەردەم پێشمەرگە، بۆیە هێزی پێشمەرگە لەسەر داوای جەنابی سەرۆك و خەڵكی ئێزیدی شنگال بۆ پشتیوانی هاتنە ئەم دەڤەرە. بەمجۆرە هێزی بەشداربوو لە ئۆپەراسیۆنەی رزگاركردنی شنگال بریتی بوون لە، هێزی فەرماندەی چیای شنگال، هێزی ئاسمانی هاوپەیمانان، تەنانەت هەندێ راوێژكاری ئەمریكی بۆ پێدانی راوێژ لێرە ئامادەبوون و هەمانگییان لەگەڵ هێزی پێشمەرگە و فڕۆكەكانی هاوپەیمانیدا هەبوو. هیچ هێزی دیكەی لێ نەبوو، ئەوەی هەندێ میدیا باسی دەكات بە بەشداریی هێزی دیكە بۆ بەرژەوەندیی سیاسییە و لە راستییەوە دوورە، چاویان بە سەركەوتنەكانی پێشمەرگە هەڵنایەت و ناشتوانن بەرگری بكەن و شنگال رزگار بكەن.

*** هۆكاری ئەوەی كە شنگال لە ماوەی كەمتر لە ٤٨ سەعات لە دەستی ئەو هێزەی تیرۆریستانی داعش رزگاركرا، چی بوو؟**

- ئەم پرۆسەیە بە سەرپەرشتیی سەرۆك بازانی و ژووری ئۆپەراسیۆن و پلانی تۆكمە بوو، هەروەها ورەی بەرزی پێشمەرگە و خەڵكەكە بوو، كاتێ ئێمە چووینە ناو شنگال بینیمان چۆن دوژمن تەرم و چەكەكانیان بەجێهێشتبوو، ئەمە هەمووی لە ئازایەتی و بوێریی سەرۆك بارزانی و پێشمەرگەوە سەرچاوەی گرتووە، من وەك قایمقامی شنگال بە چاوی خۆم دیت بەرپرسی میحوەر بەر لە هەڤاڵانی پێشمەرگە هێرشی دەبرد، بۆیە تا رزگاركردنی شارەكە بەردەوام سەرۆك بارزانی سەرپەرشتیی دەكرد، هاوكات فڕۆكەكانی هاوپەیمانان بەشدارییەكی بەرچاویان هەبوو بەدرێژایی ئەو ٤٧ سەعاتە بە ئاسمانەوە بوون و لە دوژمنیان دەدا، هەماهەنگییەكی رێكوپێك هەبوو، تەنانەت ٥٠ تیرۆریستی داعش هەڵاتنە ناو دۆڵێكەوە بەڵام زانیاریمان دایە هاوپەیمانان و توانرا هەموویان لەناو ببرێن و هیچ كەسیان رزگاریان نەبوو.

*** هەڵكردنی ئەو ئاڵا گەورەیەی كوردستان لە سەر سایلۆی شنگال و بڕیاری سەرۆك بارزانی كە لە شنگال هیچ ئاڵایەك هەڵنەكرێت جگە لە ئاڵای كوردستان، ئەمە چی دەگەیەنێت و چۆن دەتوانین بیپارێزین؟**

- هەر دەیپارێزین، ئەمە مانای وایە كە شنگال بەشێكە لە هەرێمی كوردستان لە رووی سیاسی و جوگرافی و دەستووری و یاسایی و نەتەوەییەوە، هەروەها بەسە بۆ شنگال كە باجی خۆی بدات و رزگاربێت لە كێشەو ململانێی سیاسی، هەروەها دەمانەوێ ئەو ئاڵا پیرۆزە بۆ هەموو كوردستان بێت، هەر مرۆڤێكی كورد رێز لە كارەسات و جینۆسایدی شنگال بگرێت، تاكو هەموو مرۆڤێك رێز لە میللەتی كورد بگرێت، بەرزكردنەوەی ئاڵای كوردستان لە شنگال نیشانەی قوربانیدان و خوێنی شەهیدانی پێشمەرگەیە كە توانیویەتی بە درێژایی پتر لە هەزار كیلۆمەتر لە بەرامبەر تیرۆریستانی دڕندەی داعش بەرگریی لە میللەتی كورد بكات، ئەمە ئاڵای ئاوەدانكردنەوەیە و هیچ جارێكیش قبووڵ ناكەین شنگال بێتە ململانێی سیاسی و با هیچ حزبێكی سیاسی ئاڵای خۆیان بەرزنەكەنەوە و ئەم ئاڵایە ئاڵای هەموو میللەتی كوردە و ئومێدەوارین لەسەر هەموو خاكێكی كوردستان بەرز بكرێتەوە.

*** ئەگەر لە دوای ئەم پرۆسە سەركەوتووەی ئازادكردنی شنگال، بگەڕێینەوە بۆ هۆكاری داگیركردنی شنگال لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە، ئایا هۆكارەكەی چی بوو؟**

- دوای ئەوەی لە ٣ی ئابی ٢٠١٤ شاری شنگال لەلایەن تیرۆریستانی داعش داگیركرا، گوشاری گەورە كەوتە سەر چیای شنگال، تیرۆریستانی داعش بۆیە هێرشیان كردە سەر شنگال لەبەر ئەوەی شنگال شوێنێكی پیرۆزە بۆ ئێزیدییان و ئاینی ئێزیدییش كۆنترین ئایینە و ئێزیدییەكان لە چوارچێوەی ئەم ئایینە خوداناسی خۆیان كردووە، بۆیە ئامانجی تیرۆریستانی داعش ئەوە بوو كوردانی ئێزیدی هەموویان لەناو بەرن و ئەم ئایینە نەهێڵن، بەڵام سوپاس بۆ خوا نەیانتوانی، لەبەر ئەوەی خودا پشتیوانی ئێمە بوو، وەك لایەنی نەتەوەیش ئێمە كوردین و كوردستان پشتیوانمان بووە، بێگومان ئەمە جاری یەكەمیش نیە كە دوژمنان هەوڵیان دابێت ئێزیدی لەناو بەرن، بەڵكو پێشتریش دەیان جار هەوڵ دراوە، بەڵام ئێزیدی لەبەر ئەوەی بڕوای بە ئایین و نەتەوەی خۆی هەیە، خەونی

**هەندێک لە هاووڵاتیانی عەرەبی شنگال و دەوروبەری شنگال هاوکاری تیرۆریستانی داعشیان کردووە و بوونە دەلیل بۆ ئەوەی ئەو کارەساتە بەسەر ئێزیدییەکاندا بهێنن، ئێمە لەو خەڵکانە خۆش نابین و دەبێت بە یاسا بە سزای خۆیان بگەن**

**حکومەتی عێراق شەرمەزارە لەو کارەساتەی بەسەر ئێزیدییەکاندا هات، لەبەر ئەوەی هیچ هاوکارییەکی نەکردووین، تەنانەت ئەو قەرەبووەشی کە بری یەک ملیۆن دینار بۆ هەر خێزانێک، ئەویش ١٠٪ هاووڵاتیانی ئێمە وەریاننەگرتووە**



دوژمنان نەهاتۆتەدی.

هۆکاری سەرەکی بۆ ئەوەی ئەمجارە ئێزیدی نەیتوانی بەرگری لە خۆی بکات، ئەوەبوو هەتا ٣ی ئابی ٢٠١٤ هیچ ئامادەکارییەك نەکرابوو، گەنج و پیاوانی ئێزیدی ریکنەخرابوون و مەشقی سەربازییان پێ نەکرابوو، ئەو هێزەی لەوێ بوو وەك پێویست نەیتوانی بەرگری لە شنگال بکات، بەڵام پاش ئەوەی شنگال داگیرکرا و چووینە چیای شنگال، ئەوا جوامێرەکانی ئێزیدی لە چیای شنگال بەرگرییان کرد و داعش هەموو خەونی ئەوە بوو چیای شەنگال داگیر بکات، بۆ ئەمەش زیاتر لە ٥٠٠ هێرشیان کرد، بەڵام بە پشتگیری جەنابی سەرۆك بارزانی هەموویان تێکشکان و نەیانهێشت یەك بستیش لە بناری چیای شنگال بکەوێتە دەستی تیرۆریستانی داعش. لە رۆژی ٥ی ئابی ٢٠١٤ سەرۆك بارزانی بە شەخسی پێوەندی پێوەکردین و ئەو زۆر بەو کارەساتە دڵتەنگ بوو، راشکاوانە پێی گوتین ئەو کارەساتەی بەسەر شنگال هاتووە لە ئەنفال و هەڵەبجە بە ئازارترە، بۆیە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە بە هەر شێوازێك بێت دەبێت رێگەیەك بکەینەوە بۆ چیای شەنگال، لەبەر ئەوەی نزیکەی ٢٠٠ هەزار کەس لە چیای شنگال ئاوارە ببوون، بۆیە لەو کارەساتەدا هەر کەسێك هاوکاری ئێمەی کردبێت، ئێمە سوپاسی دەکەین، هەرچۆنێك بێت توانرا ریگەی سووریا بکرێتەوە و خەڵکەکە بگەنە ناو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان. لە هەرێمی کوردستان خەڵکەکە زۆر بە جوامێری و بە هەموو شێوەیەك هاوکاریان پێشکەشی ئاوارەکانی ئێزیدی کردووە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی و ئەخلاقی خۆیان بە جێ هێناوە.

*** ئاماژەت بەوە کرد کە سەرۆك بارزانی لە دوای کارەساتەکە راستەوخۆ بە شەخسی هاتۆتە ناو ئەم پرسە و خۆی راستەوخۆ سەرپەرشتی ئەو کەیسەی کردووە. ئایا سەرۆك بارزانی چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئەم کارەساتە گەورەیە کرد؟**

- لە سەرەتای ئەم کارەساتە جەنابی سەرۆك بارزانی زۆر لە خەمی ئەوەدا بوو، رێگەیەك بکاتەوە بۆ ئاوارەکانی چیای شنگال بۆ ئەوەی ئەو ئاوارانە رزگار بکات، دوای ئەمە داوامان لە سەرۆك بارزانی کرد، هێزێك لە گەنجان و پیاوانی ئێزیدی پێکبهێنن و ئەم هێزە مەشق و راهێنانی پێبکرێت و ئیمکانییەت و چەکی بۆ دابین بکرێت و سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت، جەنابی سەرۆك لەسەر پێکهێنانی ئەم هێزە رەزامەندی پیشاندا و هەموو پشتگیرییەکی بۆ تەرخان کرد، ئەم هێزەش تەنیا بۆ پاراستنی شنگال نییە، بەڵکو بۆ بەرگریکردنە لە هەموو خاکی کوردستان، بەڵام لە ئێستادا ئەرکیان ئازادکردن و پاراستنی شنگال دەبێت، بۆ ئەم هێزە کە ئێستا نزیکەی ٧٠٠٠ پێشمەرگەیە، دابەشکراون بە سەر ١٣ فەوجدا و فەرماندەیەکی لە

**لە پرۆسەی ئازادکردنی شەنگالدا جەنابی سەرۆک بارزانی پشتیوانی سەرەکی بووە، لە پرۆسەی بونیادنانەوە و دووبارە گێڕانەوەی ژیانیش بۆ شنگال هەر پشتیوانی سەرەکی دەبێت**

جوامێرەکانی شنگال بۆ دیاریکراوە کە هەڤاڵ قاسم شەشۆ -یە، لەماوەی ئەم ساڵەدا ئێمە وەك ئێزیدی ١٠٠٠ شەهیدمان داوە، زیاتر لە ٥٠٠٠ ژن و کچ و پیاوی ئێزیدی لە دەستی تیرۆریستانی داعش دیلن و ئەمەش بۆ خۆی کێشەیەکە و دەبێت هەموو هەوڵەکان بخرێتە گەڕ بۆ ئەوەی چارەنووسی ئەو خەڵکانەش یەکلایی بکرێتەوە.

*** ئەگەر باس لە گرنگیی جوگرافیای شنگال بکەین، ئایا شنگال لە رووی جوگرافییەوە چ گرنگییەکی هەیە، بەتایبەتی بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستان؟**

- شنگال لە رووی جوگرافی و ستراتیژییەوە زۆر گرنگە، بۆیە گرنگترین خاڵ ئەوەیە چۆن ئەم ناوچە ستراتیژییە گرنگە دوای ئازادکردنی پارێزگاری بکرێت، لەم لایەنەوە وەك پێشتر ئاماژەم پێکرد لەدوای داگیرکردنی شنگالەوە شەخسی سەرۆك بارزانی خۆی سەرپەرشتی میحوەری شنگال دەکات، ئەم سەرپەرشتییە راستەوخۆیەی جەنابی سەرۆك و ئامادەباشی لە بەرەکانی شەڕ، بووە هۆکاری بەرزکردنەوەی مۆراڵی پێشمەرگە و بەرزکردنەوەی مۆراڵی ئێزیدییەکان بۆ ئەوەی بە گیان و دڵ بەرگری بکەن، بۆ ئەمەش ماوەی ساڵێك زیاترە لە میحوەری رۆژئاوای دیجلە بارەگایەکی تایبەتی هەیە، راستەوخۆ لەو بارەگایەوە سەرپەرشتی میحوەری شنگالی کردووە، لە قۆناخی یەکەمدا ئەوە بوو بە سەرپەرشتی راستەوخۆی سەرۆك بارزانی چیای شنگال ئازاد کرا و خۆی لە ٢٠ی ١٢ی ٢٠١٤ لەسەر چیایی شنگال رایگەیاند و بەڵێنی پێداین کە رێگە نادات یەك بستی شنگال بەدەستی تیرۆریستانی داعش بمێنێتەوە، بۆ ئەمەش وەك هەموو جیهان بینی لە یەك دوو رۆژی رابردوو جەنابی سەرۆك بارزانی بەڵێنەکەی خۆی بەجێهێنا و لە ناو شنگالەوە ئازادکردنی شنگالی بە کوردستان و جیهان راگەیاند. شنگال بۆ ئێمەی ئێزیدی هێمایەکی پیرۆزی ئایینی ئێزیدییە، لەبەر ئەوەی دانیشتووانی شنگال ٧٠٪یان ئێزیدیین، هەروەها مەرقەدی شێخ شەرەفەدین لە بناری چیای شنگالە، بۆیە بۆ ئێمە وەك ئێزیدی، شنگال پیرۆزە و رۆژی ئازادکردنەکەشی وەك جەژن وایە لامان و وەك جەژن ئاهەنگی بۆ دەگێڕین، لە رووی سەربازی و ستراتیژییەتی هاوپەیمانانیش بۆ تێکشدانی تیرۆریستانی داعش، ئێمە لەگەڵ باڵیۆزەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا کۆبووینەوە، هەموو جار سەبارەت بە گرنگیی شنگال ئاماژەیان بەوە کردووە، لە عێراقدا سێ شوێن بۆ تێکشکانی تیرۆریستانی داعش ستراتیژین، ئەو سێ شوێنەش بریتین لە رومادی، بێجی، شنگال، بەڵام بایەخی ستراتیژی شنگال لە دوو شوێنەکەی دیکە زیاترە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بە ئازادکردنەوەی شنگال دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی لە عێراق و سوریا دوو لەت دەبێت، لەماوەی ئەم یەك دوو رۆژەشدا کە شنگال ئازادکراوە لەسەر دەستی پێشمەرگە، خۆمان بە چاوی خۆمان دەبینین جیهان چۆن بایەخ بەم سەرکەوتنەی پێشمەرگە دەدەن و وەك داستانێکی گەورە پێناسەی دەکەن.

**ئەم سەرپەرشتییە راستەوخۆیەی جەنابی سەرۆک و ئامادەباشی لە بەرەکانی شەڕ، بووە هۆکاری بەرزکردنەوەی مۆراڵی پێشمەرگە و بەرزکردنەوەی مۆراڵی ئێزیدییەکان بۆ ئەوەی بە گیان و دڵ بەرگری بکەن**

**لە هەرێمی کوردستان خەڵکەکە زۆر بە جوامێری و بە هەموو شێوەیەک هاوکاریان پێشکەشی ئاوارەکانی ئێزیدی کردووە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی و ئەخلاقی خۆیان بە جێ هێناوە**

*** ئێوە وەك قائیمقامی شنگال خۆتان بۆ ئازادکردنی شنگال ئامادەکردبوو، لە هەمانکاتدا دەبێت پلان و بەرنامەشتان هەبێت، بۆ بەڕێوەبردنی شنگال دوای ئازادکردنەوەی، واتە تا چەند خۆتان ئامادە کردووە بۆ ئەوەی ژیان بگەڕێتەوە بۆ شنگال و ئاوارەکان بگەڕێنەوە؟**

- لە پرۆسەی ئازادکردنی شەنگالدا جەنابی سەرۆك بارزانی پشتیوانی سەرەکی بووە، لە پرۆسەی بونیادنانەوە و دووبارە گێڕانەوەی ژیانیش بۆ شنگال هەر پشتیوانی سەرەکی دەبێت، هەروەك لە پەیامەکەی دوای ئازادکردنەوەی شنگال رایگەیاند، ئێمەش هەر لە روانگەی ئەو پشتگیرییەی سەرۆك بارزانی بەرنامە و پلانمان بۆ ئاوەدانکردنەوەی شنگال دارشتووە، کە دەکرێت لەچەند خاڵێك ئاماژەی پێبکەم:

١. لە شنگال زیاتر لە ٤٠٠ هەزار هاووڵاتی ئێزیدی ئاوارە بوون و ئێستا ئەم ئاوارانە لە ناو کەمپەکانن لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی ئیمکانییەتی خۆی درێخی نەکردووە لە هاوکاریی ئێزیدییەکان، بەڵام پێداویستییان زۆرە، حکومەتی عێراق شەرمەزارە لەو کارەساتەی بەسەر ئێزیدییەکاندا هات، لەبەر ئەوەی هیچ هاوکارییەکی نەکردووین، تەنانەت ئەو قەرەبووەشی کە بری یەك ملیۆن دینار بۆ هەر خێزانیك، ئەویش ١٠٪ هاووڵاتیانی ئێمە وەریاننەگرتووە، هەروەها هەر خۆم داواکارییەکم داوەتە حکومەتی عێراق سەبارەت بە پێداویستی ئاوارەکان و ٢٢ داواکارییە، بەڵام هەتا ئێستاش وەڵامی یەك داواکارییان نەداوەتەوە.

٢. بەرنامەمان هەموو هەوڵێك بخەینە گەڕ بۆ ئەوەی بە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی شنگال بکەینە پارێزگایەك لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستان، ئەم پارێزگایە ئەگەر وەك ناوچەکانی ماددەی ١٤٠ یش مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، ئەوا خەڵکی شنگال بریاردەدەن لەگەڵ هەرێمی کوردستان بن، ئەوەی ئێستا دەبینین خوێنی شەهیدەکانمان کارەساتە گەورەکەمان بڕیاری داوە بەشێك بێت لە هەرێمی کوردستان.

٣. بەرنامەمان هەیە هەموو هەوڵی هەرێمی کوردستان بخەینەگەڕ بۆ ئەوەی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی کارەساتی ئێزیدییەکان بە ژینۆساید بناسرێت، بۆ ئەوەی

گەرەنتییەکی نێودەوڵەتی دروست بێت و جارێکی دیکە کارەساتی لەو شێوە بەسەر کوردی ئێزیدی و هەموو نەتەوەی کورد نەیەتەوە.

٤. بەرنامەمان هەیە چەندین پرۆژەی ستراتیژی گرنگ لە شنگال دەست پێبکەین، هەروەها هانی وەبەرهێنان بدەین بۆ ئەوەی بێنە شنگال و لێرە وەبەرهێنان بکەن.

٥. بەرنامەمان هەیە ژێرخانی خزمەتگوزاری سەرەکی سەرلەنوێ لە شنگال رێك بخەینەوە و شنگال بگاتە ئەو ئاستەی شایستەی هاووڵاتیانی بێت.

٦. هەوڵەکانمان دەخەینەگەڕ بۆ ئەوەی سندوقێکی خەیری نێودەوڵەتی بێتە دامەزراندن، بۆ ئەوەی هەر کەسێ بیەوێت هاوکاری بونیادنانەوەی شنگال بکات لە رێگەی ئەو سندوقەوە هاوکاری بکات، بۆ ئەمەش داوا لە سەرجەم رێکخراوە خێرخوازەکانی جیهان و ناوخۆی کوردستان و حزبە سیاسییەکانی کوردستان دەکەین، زۆر بە جددی هاوکاری ئەم سندوقە بکەن.

٧. لایەنێکی دیکە کە بۆ خەڵکی شنگال قەرەبووکردنەوەی مەعنەوییە، ئەوەیە هەندێك لە هاووڵاتیانی عەرەبی شنگال و دەوربەری شنگال هاوکاری تیرۆریستانی داعشیان کردووە و بوونە دەلیل بۆ ئەوەی ئەو کارەساتە بەسەر ئێزیدییەکاندا بهێنن، ئێمە لەو خەڵکانە خۆش نابین و دەبێت بە یاسا بە سزای خۆیان بگەن و لەو ناوچەیە نەمێنن.

*** هەر سەبارەت بە پرۆسەی ئازادکردنەوەی شنگال، هەندێك قسە هەبوون بەهۆی هەندێك ئاستەنگەوە پرۆسەی ئازادکردنی شنگال دواکەوت، لە هەمانکاتدا پێشتر پەکەکە باسی لە کانتۆنی شنگال دەکرد، ئایا ئێوە وەك ئێزیدی و خاوەنی شنگال چۆن سەیری ئەو ئاستەنگانەتان دەکرد بۆ ئازادکردنی شنگال دروست دەکران، هەروەها راتان چییە لەسەر مەسەلەی بە کانتۆن کردنی شنگال؟**

- پێش ئەوەی بێمە سەر باسی ئەو ئاستەنگانەی -پەکەکە و یەپەگە- کە بۆ پرۆسەی ئازادکردنەوەی شنگال دروستیان کرد، دەخوازم لەسەر پرسی کانتۆنەکان قسە بکەین، دیارە ئێمە لە عێراقدا دەستوورمان هەیە، هەروەها یاساشمان هەیە. لە دستووری عێراقدا شتێك نییە ناوی کانتۆن بێت، بەپێی یاسای پارێزگاکانیش، ئەوا دیسان شتێك نییە ناوی کانتۆن بێت، بۆیە ئەو قسانەی پەکەکە لە رووی یاسایی و دەستوورییەوە قسەی بێ بنەمان و من لام سەیرە. ئەسڵەن پارێزگای موسڵ (بەو سیفەتەی شنگال هەتا ئێستا قەزایەکە سەر بە موسڵ ) لەسەر ئەو پرسە بێدەنگ بوون، بۆیە خەڵکی شنگال سەرلەبەری ئەو قسانە رەددەکاتەوە، خەڵکی شنگال هەنگاو بۆ ئەوە هەڵدەگرێت، شنگال ببێتە پارێزگا و وەك بەشێك لە هەرێمی کوردستان بێت. بەداخەوە لە دەستپێکی بەرنامەی ئازادکردنی شنگال، یەپەگە و پەکەکە ئاستەنگیان بۆ ئازادکرنی شەنگال دروستکرد، ئێمە وەك ئێزیدی حەزمان لە شەڕی براکوژی نییە، لەوەتەی ئەو لایەنانە هاتوون و پرسەکەیان کردۆتە حزبایەتی، خەڵێکی زۆری ئێزیدی لەداخاندا چووە هەندەران، ئەگەر ئەو ململانێیە نەبوایە، ئەو خەڵکە نەدەڕۆیشتن، پاشان خەڵکی شنگال بۆ ئازادکردنی شنگال سەرۆك بارزانی و هێزی پێشمەرگە بە پشتیوانی خۆیان دەزانن، تەنها خەڵکی ئێزیدی شنگالیش بڕیار دەدات لەو پرۆسەیە کێ بەشدار بێت، بۆیە دوای ئەوەی ئەو ئاستەنگانە لابران، بە سەرپەرشتی راستەوخۆی سەرۆك بارزانی و لە سەر دەستی هێزی پێشمەرگە شنگال ئازادکرا و دوای ئازادکردنیشی وەك جەنابی سەرۆك لە پەیامەکەی ئاماژەی پێکرد بێجگە لە ئاڵای کوردستان نابێت، ئاڵای هیچ حزبێك لە شنگال بەرزبکرێتەوە.

*** لەماوەی ئەو کارەساتەی بەسەر شنگال هات، پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، دوو دامەزراوەی دەستووری کوردستان بوون بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کارەساتە، ئایا چۆن هەوڵەکانی پەرلەمان و حکومەت لە کارەساتی شنگال هەڵدەسەنگێنن؟**

- ئەگەر باس لە پەرلەمانی کوردستان بکەین، دەبێت بڵێم پەرلەمان و پەرلەمانتارەکانی کوردستان رۆڵی بەرچاویان هەبووە لە کارەساتی شنگالدا، بەڵام سەد مخابن یوسف محەممەدی سەرۆکی پەرلەمان رۆڵێکی شەرمەزارانەی لەم کارەساتەدا گێڕا، ئێمە وەك ئێزیدی بینیمان جەنابی سەرۆك بارزانی خۆی هاتە سەر چیای شنگال و لەسەر چیای شنگال بەڵێنی پێداین کە شنگال ئازاد دەکاتەوە و وەك دەبینین لەسەر دەستی ئەو ئازاد کرایەوە، جەنابی نیچێرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی هاتە چیای شنگال و سەردانی مەرقەدی شێخ شەرەفەدینی کرد و هەر لەوێش لیژنەی بۆ بونیادنەوەی شنگال دامەزراند، هەروەها بەشداری کرد لە مەراسیمی بە خاك سپاردنی روفاتی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی ئێزیدی، بەڵام من رۆژێك نەمبینی یوسف محەمەدی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان سەردانی چیای شنگال بکات، ئێمە زانیاریمان هەیە، یوسف محەمەد رێگر بووە لە ناو پەرلەمان باسی ئێزیدی بکرێت، لە بەرامبەریشدا زۆر بێ شەرمانە دوای زیاتر لە ساڵێك بەسەر ئەو کارەساتە گەورەیە، بۆ بەرژەوەندی حزبی خۆی سووکایەتی بە شنگال و ئێزیدییەکان دەکرد، بۆیە ئێمە وەك ئێزیدی و شنگالی شەخسی یوسف محەمەد شەرمەزار دەکەین.

**داعش هەموو خەونی ئەوە بوو چیای شەنگال داگیر بکات، بۆ ئەمەش زیاتر لە ٥٠٠ هێرشیان کرد، بەڵام بە پشتگیری جەنابی سەرۆک بارزانی هەموویان تێکشکان و نەیانهێشت یەک بستیش لە بناری چیای شنگال بکەوێتە دەستی تیرۆریستانی داعش**

**بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان لە شنگال نیشانەی قوربانیدان و خوێنی شەهیدانی پێشمەرگەیە کە توانیویەتی بە درێژایی پتر لە هەزار کیلۆمەتر لە بەرامبەر تیرۆریستانی درندەی داعش بەرگریی لە میللەتی کورد بکات**




# کۆڕبەندی بەرلین بۆ سیاسەتی دەرەوە



هێمن هەورامی*

بۆ گوڵانی نووسیوە

دامەزراوەی کۆربەر فاوەندەیشن، وەك یەکێك لە دامەزراوە هزرییە ناودارەکانی ئەڵمانی و ئەوروپا، بە هەماهەنگی لەگەڵ بەشی پلان و دارشتنی سیاسەت لە وەزارەتی دەرەوە، بۆ پێنجەمین ساڵ لە رۆژانی ٩ - ١٠ی ٢٠١٥/١١ لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا کۆربەندی بەرلین بۆ سیاسەتی دەرەوەیان بەرێوە برد.

ئەم کۆربەندە، بە هۆی ئاستی باڵای بەشداربووان لە رووی دارشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکانیان، ژمارەی بەشداربووان و بایەخی میدیاکانی ئەڵمانیا و ئەوروپا و زۆریك لە وڵاتانی دیکەش، گرنگیی خۆی هەیە، جگە لەوەش بەشداری هەمەلایەنە و هەمەرەنگ، یەکێکی دیکەیە لە خەسڵەتە جیاکەرەوەکانی ئەم کۆربەندە. لە ئەمساڵدا وێرای بەشداریی وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا و لۆکسۆمبۆرگ و سەرۆکی پەرلەمانی چیك و باڵیۆزی رووسیا لە یەکێتیی ئەوروپا و بەرێوەبەری پلانی سیاسیی وەزارەتی دەرەوەی ئێران و شاندی تورکیا و شاندی ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداو و کۆریای باشوور و شاندێکی باڵای دیپلۆمات و ئەکادیمییەکانی چین، ژمارەیەکی زۆری باڵیۆزی وڵاتان لە بەرلین و نزیکەی ٢٠٠ کەسایەتی ئەکادیمی و لێکۆڵەری دامەزراوەکانی هزریی جیاجیا بەشدار بوون. ئێمە بە سیفەتی بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی پارتی و وەك یەکێك لە ٢٥ سەرکردە گەنجەکانی میونیخ Munich Young Leaders لە لایەن کۆربەر فاوەندەیشن بانگهێشت کرابووین. ساڵانە کۆربەر فاوەندەیشن بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا لە سەر ئاستی جیهان ٢٥ کەسایەتی سیاسیی گەنج هەڵدەبژێرن، تاوەکو لە ریزی سەرکردەکانی جیهان بەشداری کۆنفرانسی ئاسایشی میونیخ بکەن، بۆ کۆنفرانسی مانگی شوباتی ٢٠١٥ لە سەر ئاستی کوردستان و عێراق ئێمەیان بانگهێشت کردبوو.

### ● گرنگیی کۆربەندەکە و تەوەرەکانی

ئێوارەی ٩-١١-٢٠١٥ سەرجەم شاندە بەشداربووەکان لە باڵەخانەی وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا لەلایەن گەورە بەرپرسانی ئەڵمانییەوە پێشوازی کران و بە وردی باری سەرنج و سیاسەت و ستراتیژ و ریزبەندی بایەخی بابەتە نێودەوڵەتییەکانی ئەڵمانی خرانەروو.

رۆژی ١٠-١١-٢٠١٥ لەلایەن فرانك والتەر شتاینمایەر وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیاوە وتاری سەرەکی و کردنەوەی کۆربەندەکە پێشکەش کرا .

ئەوەی جێگەی بایەخ بوو، شتاینمایەر دووپاتی لەوە کردەوە کە ئێستا کێشە گەرمەکانی جیهان، بە تەنیا لە ئاستی هەرێمێك و ناوچەیەکی جیهان نامێنن و پێویستییان بە هەماهەنگیی هەمە لایەنە هەیە. هەروەها بەردەوامیی ئەڵمانیای لە هاوکاریی هاوپەیمانەکانیان لە شەری دژی تیرۆریستانی داعش و دۆزینەوەی چارەسەری بۆ دۆخی سووریا دووپات کردەوە.

لە بارەی پرسی سووریاوە، ئەوەی بە لای منەوە نوێ بوو، تێروانینی ئەڵمانی و ئەوروپا بوو، کە بۆ کۆتاییهێنان بە دۆخی نەخوازراوی ئێستای سووریا، دەبێت سەرەتا شەر رابگیرێت، بۆ ئەو مەبەستەش (شەر راوەستان) پێویستیی بە بەشار ئەسەد هەیە . واتە راگرتنی شەر بەبێ بەشار ئەسەد وەدی نایەت، بەڵام ئایندەی سووریا بەبێ بەشار ئەسەد دەبێت بەدی بێت. واتە ئەم هێڵە سیاسییە نوێیە ئاماژەیە بەوەی کە ئەوروپا و ئەمریکا وەك ئەوەی لە کۆبوونەوەکەی ئەم دواییەی ڤییەننا دەرکەوتووە، لە سەر ئەوە کۆکن کە دەبێت بەشار بۆ کۆتاییهێنانی شەر و بەردەوامیی ئاگربەست، وەك لایەنی سەرەکی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. لێرەش گەرچی بەشێك لە داخوازییەکانی ئێران و سووریا بەرجەستە دەبێت، بەڵام بۆ ئایندەی سیاسیی سووریا بەشار ئەسەد بەشیك نابێت لە پرۆسەکە، ئەمەش بەشێك لە داخوازی ئۆپۆزسیۆنی سووریا و سعودیە و تورکیا و قەتەر و لایەنەکانی دیکەی دژە ئەسەد وەدی دەهێنێت.

### ● پەنابەران

لە دانیشتنەکانی سەرەتای کۆربەندەکەدا کە هەریەکە لە وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا شتاینمایەر و یان ئەلیسبۆرن وەزیری دەرەوەی لۆکسمبۆرگ و جان هاماجیك سەرۆکی پەرلەمانی چیك قسەیان هەبوو، گوشاری پەنابەران بۆ سەر ئەوروپا بە خاڵێکی دیکەی دیاریکردنی شوناسی ئەوروپا و کاری پێکەوەیی دیاری دەکەن . ئەوەی مایەی سەرنج بوو، ئەوە بوو کە ئەوروپایەك بە ٣٠٠ ملیۆن کەسەوە، بە تێکرا هەر ٢٨ وڵاتەکەی ئەندامی یەکێتی ئەوروپا کە گەورەترین ئابووریی دنیا پێکدەهێنن، لە بەردەم شەپۆلی پەنابەران کە کەمترە لە ٢ ملیۆن کەس دۆش داماون. هەر ئەو کات لە سەر سکرینی گەورەی ناو هۆڵەکە تویتێکم بڵاوکردەوە لە سەر #BerlinFPF کە بووە مایەی سەرنجی ئامادەبووان، بەوەی کە ئێمە لە هەرێمی کوردستان کە تەنیا پێنج ملیۆن کەس دەبین و ١٠٥٠ کم سنوورمان لەگەڵ داعش هەیە و دوو ساڵە بودجە نەدراوەتە هەرێم، بەڵام نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە و پەنابەر لە هەرێمی کوردستانن کە دەکاتە ٢٥٪ی دانیشتوان و ئەو هات و هاوارەی ئەوروپاشمان نییە. هەر ئەوکات گفتوگۆی ئەوەمان هەبوو، کە ئەگەر ئەوروپا دەیەوێت ستراتیژی درێژخایەنی هەبێت بۆ کەمکردنەوەی

**دەستخۆشیمان لە وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا کرد و جارێکی دیکەش بە ناوی گەلی کوردستان سوپاسمان کردن بۆ هاوکارییەکانیان بۆ پێشمەرگە. ئەویش لە بەرامبەردا گوتی: شانازی بە دۆستایەتی گەلی کوردستان و پێشمەرگە و سەرۆك بارزانی دەکەم کە ئێستا لە سەنگەری پێشەوەی پاراستنی ئازادیخوازانی جیهاندان**

**وەک ئەرکی سەرشانی خۆمان لە پێوەندییەکانی دەرەوەی پارتی، رەهەندەکانی دیپلۆماسیەتی گشتی و لوبی ئەکادیمیمان بە یەکێک لە پرەنسیپەکانی کاری خۆمان زانیوە، بۆیە توانراوە لەگەڵ زۆرێک لەم ناوەندە گەورانە پێوەندی باش دروست بکرێت و دەنگ و رەنگی کورد و سیاسەتی هەرێمی کوردستان شی بکرێتەوە و ئامادەیی هەبێ**

**بە پێی گلۆباڵ ئیندیکسی٢٠١٥، سووریا و عێراق و یەمەن یەک لە دوای یەک لەگەڵ ئەفغانستان و سۆماڵ پێنج شکستخواردووترین وڵاتانی دنیا پێکدەهێنن**

پەنابەران، دەبێت بە دوای چارەسەری رەگی کێشە و گرفتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیادا بڕوات. ئەوەش بەوە دەکرێت، تیرۆریستان بشکێندرێن و رێگە بۆ گەڕانەوەی پەنابەران بۆ ماڵ و حاڵی خۆیان خۆش بکرێت و گەرەنتی پاراستنیان بدرێت، حوکمڕانیی باش پەرەی پێبدرێت و ئابووریی ناوچەکە بە ئابووری جیهان ببەسترێتەوە، چونکە ئێستا ئابووریی هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تەنیا ٤.٦٪ی ئابووری جیهان پێکدەهێنێت، بەڵام ئەڵمانیا بە تەنیا ٦.٤٪ی ئابووری جیهان پێکدەهێنێت. دەبێت سەرلەنوێ سنوور و نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دووبارە دابڕێژرێتەوە، بە جۆرێك کە دادپەروەری و رەزامەندی پێکهێنەرەکانی وڵاتانی تێدا بێت؟. دەبێت دان بەوەدا بنریت کە زۆربوونی ژمارەی دەوڵەتە شکستخواردووەکانی ناوچەکە، پاڵنەری سەرەکیی زیاتری هاتنی پەنابەران دەبێت بۆ ئەورووپا و مانەوەی سیاسەتی یەکێتی خاکی ئەو دەوڵەتە شکستخواردووانە بە لای ئەورووپاوە گرفتەکان ئاڵۆزتر دەکات. بە پێی گلۆباڵ ئیندیکسی٢٠١٥، سووریا و عێراق و یەمەن یەك لە دوای یەك لەگەڵ ئەفغانستان و سۆماڵ، پێنج شکستخواردووترین وڵاتانی دنیا پێکدەهێنن. بۆیە ئەگەر ئەورووپا و وڵاتانی پیشکەوتووی دنیا خۆیان لەم هۆکارە بنەڕەتییانە ببوێرن، دەبێت چاوەڕێی شەپۆلی دیکەی بەردەوامیی پەنابەران بکەن. ئەوەشمان خستەڕوو: ئێستا جیهان بووەتە یەك تایم زۆن . ئەو پرەنسیپە نەما، کە بڵێیت ئەوەی لە لاس ڤیگاس رووبدات، هەر لە لاس ڤیگاس دەمێنێت، ئێستا ئەوەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رووبدات، لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نامێنێتەوە.

**● ناکۆکیی رووسیا و ئەورووپا**

یەك لە پانیلەکانی کۆڕبەندەکە تەرخان کرابوو بۆ پێوەندی نێوان ئەورووپا و رووسیا و هەڵوێستیان لەسەر بابەتە هەنووکەییەکانی دنیا، لەوانە پرسی ئۆکراینا، سووریا، ئێران و شەڕی داعش. کارل بیلد، سەرۆك وەزیری پیشووتری سوید و ڤلادیمیر چیشۆڤ باڵیۆزی رووسیا لە یەکێتی ئەورووپا و ڤاریا فریبیرگا سەرۆکی پێشووی لاتڤیا و سەرۆکی کۆمیتەی سیاسەتی دەرەوەی پەرلەمانی ئەڵمانی بەشدار بوون. ئەوەی مایەی سەرنج بوو، باڵیۆزی رووسیا نیگەران بوو لەوەی کە تایتلی پانیلەکە دروست نییە، چونکە پرسەکە رووسیا و ئەورووپا نییە، لەبەر ئەوەی رووسیا بۆ خۆی ئەورووپایە و دەبووایە پرسەکە پێوەندی رووسیا و یەکێتی ئەورووپا بووایە. دواتر سەرۆکی پێشووی لاتڤیا بە روونی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە کێشەی سەرەکیی ئەورووپا و رووسیا لەسەر هەموو بابەتەکانی ئێستای جیهان ئەوەیە کە جیهانبینیی رووسیا و ستراتیژیی رووسیا لە هەسارەی موشتەرییە، بەڵام جیهانبینیی ئەورووپا و ستراتیژی ئەورووپا لە هەسارەی مەریخە. ئەم دەربرینە باڵیۆزی رووسیای کەمێك نیگەران کرد، بۆیە وەڵامیکی گرنگی دایەوە و گوتی: راستە رووسیا لە سەر هەسارەی موشتەرییە، بۆیە ئەم هەموو ئەستێرە سەتەلایتە بچووکانە دەوریان داوە و بە هەموویانەوە نابنە موشتەری».

ئەوەی مایەی سەرنج بوو، وێڕای پرسی کرایمیا و ئۆکراین و سووریا و رێککەوتنی مینسك، بەڵام جیاوازی و ناکۆکیی قووڵ لە نێوان رووسیا و ئەورووپا هەیە، بەڵام لە ناو ئەورووپییەکانیش ناکۆکی و جیاوازی لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ رووسیا هەیە.

**● دابەشبوونی گرووپی گفتوگۆکان**

هەر لە کۆڕبەندەکەدا، بەشداربووان دابەشکرانە سەر ٨ گرووپی گفتوگۆ، هەر گرووپەو لە سەر تەوەرێکی جێی بایەخ، لەوانە: پرسی سووریا، سیاسەتی دەرەوەی ئێران، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، یەکێتی ئەورووپا و پرسی پەنابەران، چین و باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا و چەندین تەوەری دیکە . لەبەر ئەوەی گفتوگۆکانی ناو ئەم گرووپانە لەسەر بنەمای چاتەمهاوس (بە نهێنی هێشتنەوەی ناوەڕۆکی گفتوگۆکان) مانەوە، بۆیە لێرە ئاماژە بەوە ناکەم کە ئێمە چووینە کام گرووپ و تەوەری باسەکان چی بوون.

**● ئایندەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

پانیلێکی دیکەی گرنگیی کۆڕبەندەکە لەسەر ئایندەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو. فیلیپ گۆردۆن لە ئەنجومەنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و سید سادق خەرازی بەرپرسی ئەکادیمی دیپلۆماسی ئێران و ژان ماری گۆهینو سەرۆکی گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی و ئەیمەن سەفەدی جێگری پیشووی سەرۆك وەزیرانی ئوردون بەشدار بوون.

نۆرا مولەر، بەڕێوەبەری کۆربەر فاوندەیشن، ئەم پانیلەی بەڕێوە برد. نۆرا بەوە دەستی پێکرد، کە لە ١٩١٦ سایکس پیکۆ ئەم رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەی دروستکرد، پرسیاری ئەوە بوو: ئایا ماوە؟

ئەوەی تێبینی کرا، ئەوە بوو کە فیلیپ گۆردۆنی ئەمریکی پێی وا بوو کە ناوچە بەرەو ناسەقامگیری و ریزبەندی نوێ دەچێت. نوێنەری ئێران پێی وا بوو کە ناوچەکە بەرەو سەقامگیری دەچێت و بە هاتنەوەی ئێران بۆ ناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ناوچەکەش سەقامگیرتر دەبێت. نوێنەری ئوردن کە ببووە نوێنەری دەنگی عەرەبەکان، پێی وا بوو کە ئێران هۆکاری هەرە سەرەکیی ناسەقامگیرییە، دواتر سەرۆکی گرووپی

قەیرانی نێودەوڵەتی پێی وا بوو کە سنوورەکانی ناوچەکە دەگۆڕدرێن و وەك خۆیان نامێنن، بەڵام مەرج نییە سنووره نوێیەکانیش سنووره ڕاست و دروستەکانی ناوچەکە بن».

هەموو لەسەر ئەوە کۆك بوون کە گۆڕانێکی ڕیشەیی لە ناوچەکە هاتۆتەدی، بەڵام لە سەر ئەوە کۆك نەبوون کە ئایا سەقامگیری زیاتر دێنێت، یان ناسەقامگیری بەردەوام دەبێت. ئەم بابەتەش یەك لە خاڵ و پرەنسیپە نوێیەکانی پەیوەندیی نێودەوڵەتییە لە سەدەی ٢١، ئەوەی کە پێی دەگوترێت: «نادڵنیایی ستراتیژی-Strategic Uncertainty». کە وەکو کورد دەبێت هەمیشە ئەم خاڵەمان لە هەموو قۆناغێك لا ڕوون بێت.

لە کۆتایی پانیلەکەدا، نۆرا مولەر بە ئامادەبووانی پانیلەکەی ڕاگەیاند کە ئێستا تاقیکردنەوەیەکی بۆیان هەیە، تاقیکردنەوەکەش بریتی بوو لەوەی کە هەریەك لە ئامادە بووان ئەم ڕستەیە تەواو بکات:

« بۆ ساڵی ٢٠٢٠ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بریتییە لە ....»

وەڵامی زۆربەیان ئەوە بوو: بۆ ٢٠٢٠ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك ئێستا پڕ ململانێ و ناسەقامگیر دەبێت بە هۆکار و ڕەنگی جیاجیا و سنووری جیاجیاوە.

## ● چین بەرەو کوێ؟

پانیلی دوایی کۆڕبەندەکە زیاتر دیبەیتێکی گەرم و گوڕ بوو لە سەر ئەوەی کە ئایا بەهێزبوونی بواری سەربازیی چین هەڕەشەیە بۆ ئاسایشی جیهانی، یان هەڕەشە نییە؟

کورت ڤۆلکەر-ی ئەمریکی بەڕێوەبەری جێبەجێکاری پەیمانگای جۆن مەکەین بۆ سەرکردایەتی نێودەوڵەتی ئارگومێنتی ئەوە بوو کە: بەڵێ چین هەڕەشەیە بۆ ئاسایشی جیهانی و زیادبوونی هێزی دەریایی، ئاسمانی، زەمینی، توانای مووشەکی بالیستیکی، زیادبوونی١٥٪ی ساڵانەی بودجەی سەربازیی چین، ئاماژەی ئەوەیە کە چین دەیەوێت بە تەنیا هێزی ئابووریی گەورە نەبێت، بەڵکو هێزی سەربازی گەورەش بێت. باسی لەوە کرد کە لە ١٩٩٨ هەموو چین تەنیا ١٠ ملیار دۆلاری تەرخان کردووە بۆ بودجەی سەربازیی، بەڵام لە ٢٠٠٨ بووەتە ١٨٠ ملیار دۆلاری ساڵانە. لە بەرامبەردا، پرۆ فیسۆر لو یین کە لە چینەوە هاتبوو، بەپێچەوانەوە پێی وا بوو ستراتیژی سەربازی و ستراتیژیی چین بەرگرییە، نەك هێرشبەر. لە بارەی زیادبوونی بودجەی سەربازیش ئەوەی خستەڕوو کە ئێستا چین بە تەنیا ١٦٪ کۆی داهاتی گشتی بۆ بودجەی سەربازی تەرخان کردووە، بەڵام هەموو ئەندامانی ناتۆ ساڵانە دەبێت ٢٪ی کۆی داهاتی گشتییان بۆ بودجەی سەربازی تەرخان بکەن. هەروەها ئەوشی خستەڕوو کە چین دەیەوێت هێزی سەربازی باش و پڕ چەکی هەبێت، تاوەکو ڕێگە لە هەڵایسانی شەڕ لە ناوچەکە بگرێت. وەڵامی هەر هێرشێکی دراوسێکانی بداتەوە و ئیحتیوای شەڕخوازی بکات، چونکە چین پێشتر وڵاتێکی کۆلۆنیکراو بووە و نایەوێت ئەو ئەزموونە دووبارە ببێتەوە.

## ● وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا چی پێگوتم؟

وەك ئەرکی سەرشانی خۆمان لە پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی، ڕەهەندەکانی دیپلۆماسیەتی گشتی و لوبی ئەکادیمیمان بە یەکێك لە پرەنسیپەکانی کاری خۆمان زانیوە، بۆیە توانراوە لەگەڵ زۆرێك لەم ناوەندە گەورانە پەیوەندی باش دروست بکرێت و دەنگ و ڕەنگی کورد و سیاسەتی هەرێمی کوردستان شی بکرێتەوە و ئامادەی هەبێت. هەروەها هەر دەرفەتێك لەم کۆڕبەندانە دروست بوو بێت بۆ لە نزیکەوە بینینی گەورە بەرپرسانی جیهان، هەوڵمان داوە پەیامی خۆمان بگەیەنین.

پاش کۆتاییهاتنی پانێلی یەکەم، دەستخۆشیمان لە وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا کرد و جارێکی دیکەش بە ناوی گەلی کوردستان سوپاسمان کردن بۆ هاوکارییەکانیان بۆ پێشمەرگە. ئەویش لە بەرامبەردا گوتی: شانازی بە دۆستایەتی گەلی کوردستان و پێشمەرگە و سەرۆك بارزانی دەکەم کە ئێستا لە سەنگەری پێشەوەی پاراستنی ئازادیخوازانی جیهاندان. هەروەها وەزیری دەرەوەی لۆکسمبۆرگ، وێڕای ناردنی سڵاوی تایبەتی، باسی لە دوایین سەردانی خۆی بۆ کوردستان کردو باسی لە جوانیی کوردستان و میواندۆستی گەل و سەرکردایەتی کوردستان کرد.

لەم کۆڕبەندەدا، دەرفەتی ئەوەمان بۆ ڕەخسا لە نزیکەوە گفتوگۆ لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری ئەکادیمی و دیپلۆماتی بەشداربوو بکەین. دیتەر لامله، کە ماوەیەك کونسولی ئەڵمانیا بوو لە هەولێر، ئێستا بەڕێوەبەری بەشی ئەمریکای لاتینە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا، کە زانی لە کۆڕبەندەکەین، هاتەلامان و خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی، بەوەی کە جارێکی دیکە لەگەڵ «دۆستەکانی کوردستانی عێراق» یەکتر دەبینینەوە. گوتیشی: «عاشقی هەولێر و میواندۆستی خەڵکەکەی بووم و لە هەرشوێنێکی دنیا کار بکەم، بەردەوام ئاگاداری دۆخی کوردستان و هەواڵەکانی دەبم.»

***ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان**

**لەم کۆڕبەندەدا، دەرفەتی ئەوەمان بۆ ڕەخسا لە نزیکەوە گفتوگۆ لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری ئەکادیمی و دیپلۆماتی بەشداربوو بکەین**

**هەرێمی کوردستان کە تەنیا پێنج ملیۆن کەس دەبین و ١٠٥٠ کم سنوورمان لە گەڵ داعش هەیە و دوو ساڵە بودجە نەدراوەتە هەرێم، بەڵام نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە و پەنابەر لە هەرێمی کوردستانن کە دەکاتە ٢٥٪ی دانیشتووان و ئەو هات و هاوارەی ئەوروپاشمان نییە**



## میسال ئالووسی

### سیاسەتمەدار و سەرۆکی حزبی ئوممەی عێراقی بۆ گوڵان:

# عەبادی ناوێرێت گەندەڵییەکانی مالیکی ئاشکرا بکات و بیداتە دادگا

**میسال ئالووسی سیاسەتمەدارو دامەزرێنەری حزبی ئوممەی عێراقی و پەرلەمانتاری پێشوو لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێی وایە کە ئەو چاکسازییەی لە عێراقدا لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە راگەیەنراوە تەنیا مەرەکەبی سەر کاغەزەو هیچ هەنگاوێکی کرداری بەدوادا نەهاتووەو عێراقی ئێستاش لە سایەی ئەو حزبە ئایینییانەی جڵەوی حوکمڕانییان گرتۆتەدەست، ناتوانێت دیموکراسی و دادپەروەری و یەکسانی بێنێتەدی، ئالووسی لە وەڵامی گوڵاندا بیروبۆچوونی خۆی لەمەڕ رەوشی عێراق بەگشتی و حوکمڕانیی حزبی دەعوە و ئیسلامییەکان بەتایبەتی بەم شێوەیە خستەڕوو.**

*** خوێندنەوەتان بۆ رەوشی ئێستای عێراق چییە؟**

- لە راستیدا ئەوەی کە دەگوزەرێ لە ئێستادا زیاتر چاوی هەموولایەك لەسەر ئەو چاکسازییانەیە کە حکومەتی عێراق رایگەیاندووە، بەتایبەتیش تووڕەیی و داواکاریی جەماوەر کە حکومەتی ناچارکرد ئەم رێوشوێنانە بگرێتە بەر، هەموومان دەزانین کە بەڕێز حەیدەر عەبادی کوڕی حزبی دەعوەیە، بۆیە هەوڵی ئەوە دەدات پێش هەموو شتێك پارێزگاری لە دەستکەوتەکانی حزبەکەی بکات، ئەگەر وا نییە، ئەو با بێت بەر لەو هەمووشت هەنگاوی چاکسازی لەنێو سەرکردەکانی حزبەکەیدا بکات کە دەستیان بەسەر سەرجەم کایە گرنگەکانی دەوڵەتدا گرتووە، بۆیە من هیچ چاکسازییەك لەسەر ئەرزی واقع نابینم، تەنیا بە قسەیە و لە راستیدا بوونی نییە.

*** هەندێ کەس دەڵێن کە ئەو هەموو گەندەڵی و کارەسات و قەیرانانەی مالیکی دوای خۆی بەجێیهێشتن، ناکرێ بەو ئاسانییە چارەسەربکرێن، ئێوە لەم بارەوە چی دەڵێن؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەمە راستە، ئەو هۆکاری ئەو هەموو گەندەڵییەیە، بەڵام چۆن دەکرێ بڕوامان بەوە هەبێت کە

حکومەت دەیەوێت چاکسازی بکات، ئەو دێت گەندەڵی و خراپەکانی مالیکی دەشارێتەوە، حکومەت داواکاریی گشتی کارا نەکردووە، تاکو تاوانباران سزابدات، عەبادی بۆیە چاوپۆشیی لە مالیکی دەکات، یان لەبەر ئەوەی لێی دەترسێ، یانیش نایەوێت بیداتە دادگا لەگەڵ ئەوانەی کە هاوکاری بوون، هەروەها دیارە ئەو حکومەتە لاوازەو پشت بە لایەنی زانستی و ئیداریی دروست نابەستێ لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا.

*** بەو ناوەی کە سیاسەتمەدارێکی دیاریت و ماوەیەك پەرلەمانتار و سەرۆکی کوتلەیەك بوویت، چی دەربارەی دۆسێی گەندەڵیی عێراق دەزانیت؟**

- ئێمە و کورد لەو عێراقەدا بە تەواوی هەموومان چاك دەستنیشانی لایەنەکانی بەڕێوەبردنی حوکمی مالیکیمان کردبوو، کە تاکڕەوی بوو، ئەو هەموو بەرپرسیارێتییەکی یاسایی و حکوومی بەلاوە نابوو و تەنیا بیری لە تاکڕەوی و گەندەڵی و بەلاڕێدابردنی عێراق بە تونێڵێکی تاریك و ترسناك دەکردەوە، بۆیە مالیکی هەموو یاسایەکی پێشێلکردبوو، لەبەر ئەوە ئەو ماوەیە بە ناشیرینترین و دواکەوتووترین سەردەمی چەسپاندنی دیموکراسی دادەنرێت.

*** کەواتە رۆڵی دادگا لەم رەوشەدا لەکوێ بوو؟**

- لە سیستەمی دیموکراسی کە عێراق هەوڵی بۆ دەدا ئەوە بوو کە حکومەت لەسەر بنەمای سازان پێکهاتبوو، بە تایبەتیش حزبە ئاینییەکان، کە لەم سیستەمەدا پێویست بوو رۆڵی دادگا دیارو کارا بێت، خۆی کێشەکە لەوەدایە کە بەغدا نایەوێت دەوڵەتێکی هاوچەرخ و سەردەمیانە بێتە ئاراوە، بزانە ناکۆکیی نێوان هەولێرو بەغدا چییە، لە راستیدا کێشەکە ئەوەیە کە هەولێر دەیەوێت دەوڵەتێکی پێشکەوتوو و دیموکراسی بێتە ئاراوە، بەڵام بەغدا ئەمەی پێ قبووڵ نییە، بۆیە دادگاکان و دەسەڵاتی دادوەری لە عێراق سەربەخۆ و دیموکراسی نین، تەنانەت ئەنجومەنی نوێنەرانیش بڕوای بە دیموکراسی نییە، حزبە ئیسلامییەکان بڕوایان پێی نییە و زۆریش لێی دەترسن، چونکە لەگەڵ بەرژەوەندیی و پرەنسیپەکانی خۆیان ناگونجێت.

*** لە ئێستادا مالیکی کە هەر دەسەڵاتی ماوەو لە سەرۆکایەتیی حکومەت لادراوەو جێگری سەرۆك کۆمارە، ئایا کە دوورناخرێتەوە هۆکارەکەی حزبەکەیەتی، یان مەرجەعییەت کە بانگەشە دەکات گوایە دژایەتیی دەکات، بەڵام لە ژێرەوە جۆرێکی دیکەیە، یاخود لە ئێرانەوە پشتگیریی دەکرێت؟**

- مالیکی لە دوولاوە پشتیوانی لێکراوە، یەکەمیان لە ئێرانەوە دووەمیشیان لە هەندێ لایەن کە بۆ بەرژەوەندیی ئێران کاردەکەن لە عێراق و لە حکومەتی ئەمریکاشەوە، من لە بیرمە چۆن لە هەولێر و بەغدا بۆچوونەکان وا بوون کە مالیکی لەلایەن ئەیاد عەلاوی و موقتەدا سەدر و بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان رەخنەی لێدەگیرا تاکو راستەڕێ بێت، بەڵام ئەم کارە تێکچوو و ئێران و ئەمریکا دەستیان خستە کاروباری حکومەتەوە بە قەناعەتی خۆیان پشتوانییان لێی کرد، گەندڵی و هەڵە و تاوانەکانی مالیکی، هەروەها تاوانەکانی داعش کە لاوازیی مالیکی قۆستەوە ئەم کارەساتەیان بەسەر عێراقدا هێنا کە هەموو ئەوانە دەکەونە ئەستۆی حکومەتی مالیکییەوە.

*** لە ئێستادا هەموو لایەك شەڕی داعش دەکەن، پێتانوایە دەکرێ لەم تیرۆریستانە رزگارمان ببێت؟**

- لە راستیدا دامەزراوەی ئەمنیی سەربازیی هەرێمی کوردستان دامەزراوەیەکی زانستی و تەواوە و توانای شەڕو بەرگریکردنی هەیە، بەڵام دامەزراوەی سەربازیی عێراق لاوازەو توانای خۆڕاگری و شەڕکردنی نییە تەنانەت لاوازە لەبەردەم حەزو ئارەزووی هەندێ کەس و کەموکوڕیی زۆری هەیە، بە واتایەکی دیکە ئەو سەرکەوتنانەی پێشمەرگە لە شنگال گوزارشت لە چەند راستییەك دەکەن لەوانە پابەندبوون و رێکوپێکیی ریزەکانی ئەو هێزانە لەوپەڕی بەرزیدایەو هەروەها تەبایی و پەیوەندیی سەربازیی دروست هەیە لە نێوان فەرماندە سەربازییەکان و سەرکردایەتیی سیاسیی کوردو پێشمەرگە بۆ بەرگریکردن، لە شەقامی شنگال و نێو خەڵکەکەش ئەو قەناعەتە هەیە کە پێشمەرگە سوورە لەسەر پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، ئەم هۆکارانەن کە سەرکەوتن بۆ پێشمەرگەی کوردستان مسۆگەر دەکەن، بۆیە لە بەغدا ئەو دامەزراوە سەربازییە یەکگرتووە نییە و پەیوەندیی نێوان فەرماندە سەربازییەکان و چەکدارانیان زۆر کزە، بۆیە دەبینین کاتێ پێشمەرگە شنگال رزگار دەکات، هێزەکانی عێراق لە ئەنبار زۆر بە هێواشی و بێ ئەوەی هەماهەنگیی تەواوی سەربازییان هەبێت پێشڕەوی دەکەن و دواتر سەرکەوتن بەدەست ناهێنن.

*** ئەو هەموو ساڵەی حوکمی مالیکی و عەبادی لە عێراق هیچ هاوپەیمانییەکی دیکەی حزب و لایەنەکان نەهاتە گۆڕەپانەکەوە بۆ چاککردنی حوکمڕانیی یان بانگەشەی بەڕێوەبردنی سیاسی و چاککردنی رەوشی ئەمنی و ئابووریی وڵات بکات، ئەمە چۆن دەبینن؟**

- لە راستیدا کەموکورتییەکە دیارە لە نەبوونی هەماهەنگی لە نێوان حزبەکان و پەرلەمانتاران و دەستەبژێری سیاسیی لە عێراق، بەڵام ئەو قەناعەتە دروست نەبووە چۆن رەفتاربکەن و کێ گوێیان لێدەگرێت، زۆر بیرۆکە لە ئارادایە، تەنیا ئەوەندە دەڵێم کەس نازانێ بڕیاری سیاسی لە بەغدا چۆن دروست دەبێت، تەنانەت لە پەرلەمانیش نازانن کێ راوێژکاری عەبادییە، لە راستیدا پێویستە بزانین کە حزبی دەعوە مەترسییە بۆ سەر عێراق، بۆیە پێویستە ئەو حزبە لە عێراق لاببرێت و دەوڵەت و پۆستە گرنگەکای لێوەربگیرێتەوە پشت بە تواناو وزەی دیموکراسیخوازان ببەسترێ.

**حزبە ئیسلامییەکان بڕوایان بە سنووری نەتەوەیی و نیشتمانی نییە، تەنیا سنووری ئاینی نەبێت، بۆیە هیچ جیاوازییەک لە نێوان قەناعەتەکانی ئەو حزبە ئیسلامییانە و داعش نابینم**

**دامەزراوەی ئەمنیی سەربازیی هەرێمی کوردستان دامەزراوەیەکی زانستی و تەواوە و توانای شەڕو بەرگریکردنی هەیە، بەڵام دامەزراوەی سەربازیی عێراق لاوازەو توانای خۆڕاگری و شەڕکردنی نییە**

*** پێتان وایه كه مه‌سه‌له‌كه په‌یوه‌سته به شاره‌زایی له به‌ڕێوه‌بردنی وڵات؟**

- نه‌خێر، حزبه ئیسلامییه‌كان بڕوایان نییه به سنوور و شوێنه‌وار و دیموكراسی و یه‌كسانیی نێوان هاووڵاتیان، ئه‌وان بڕوایان به‌وه‌یه كه ئه‌وه‌ی له‌گه‌ڵیان نه‌بێت، ده‌بێ لاببرێت، بۆیه ئه‌وانه فاشین به هه‌موو مانایه‌كه‌وه.

*** ئایا هیچ تروسكاییه‌كی هیوا ده‌بینن له به‌ره‌وپێشبردنی سیاسه‌تی حوكمڕانی له عێراق؟**

- له سایه‌ی ئه‌و حزبه ئیسلامییانه هیچ چاكسازییه‌كی سیاسی و ئیداری ئه‌نجام نادرێ، ئه‌گه‌ر بێتو هه‌ڵبژاردنێكی دیكه‌ی پاك و دیموكراسی بكرێ و ده‌نگی عێراقییه‌كان له ناوه‌وه له‌گه‌ڵ ده‌نگی عێراقییه‌كان له ده‌ره‌وه‌ی عێراق یه‌كسان بن، ئه‌وا ده‌بینین ئه‌و حزبه ئیسلامییانه‌ی شكستیان هێنا ناتوانن به‌رگه‌ی شكسته‌كانیان بگرن.

*** هه‌ندێ ده‌پرسن چۆن سه‌رۆك حكومه‌تێك خه‌و ده‌چێته چاویه‌وه كه گه‌وره‌ترین پارێزگای وڵاته‌كه‌ی له‌لایه‌ن تیرۆریستانه‌وه داگیركرابێت و كه‌سیش ژماره‌ی دانیشتوانی نازانێت، وه‌ڵامتان بۆ ئه‌مه چییه؟**

- خۆی كێشه‌كه دیسان له‌وه‌دایه كه حزبه ئیسلامییه‌كان بڕوایان به سنووری نه‌ته‌وه‌یی و نیشتمانی نییه، ته‌نیا سنووری ئاینی نه‌بێت، بۆیه هیچ جیاوازییه‌ك له نێوان قه‌ناعه‌ته‌كانی ئه‌و حزبه ئیسلامییانه و داعش نابینم، چونكه داعش بڕوای به ده‌وڵه‌تی ئیسلامی هه‌یه له چوارچێوه‌ی سنوورێكی جووڵاودا ئه‌و حزبه ئیسلامییانه‌ش به هه‌مان شێوه، بۆیه كاتێ ئێزیدییه‌كان له شنگال ئه‌و كاره‌ساته‌یان به‌سه‌رهات و خوێنیان به ناحه‌ق رژاو نامووسیان هه‌تك كرا ئه‌و حزبه ئیسلامییانه نقه‌یان لێوه نه‌هات، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ئه‌وانه موسڵمان نه‌بوون، بۆیه ئه‌و حزبه ئیسلامییانه به‌چاوی مرۆڤبوون سه‌یری مرۆڤ ناكه‌ن.

*** ببووره بۆ به‌كارهێنانی ئه‌و زاراوه‌یه ئه‌گه‌ر له‌جیاتی ئه‌و حزبه ئیسلامییانه، حزبه‌كان سوننه بووانایه، ئایا ره‌وشه‌كه به‌م شێوه‌یه ده‌بوو؟**

- من جیاوازی ناكه‌م له نێوان حزبی ئیسلامیی شیعه‌و حزبی ئیسلامیی سوننه و ته‌نانه‌ت وه‌هابیش، لای من هه‌موویان یه‌كن، ئه‌و حزبانه ناتوانن به‌رگه‌ی ته‌حه‌دییات و داخوازییه‌كانی كۆمه‌ڵگه‌و سه‌رده‌م بگرن، ئه‌وان به شموولی ده‌دوێن، له هه‌مان كاتدا بڕوایان به مرۆڤ نییه، ئێمه له عێراق پێویستمان به ده‌وڵه‌تی هاوچه‌رخ و سه‌رده‌میانه هه‌یه، كه بڕوای به مافی مرۆڤ و نه‌ته‌وه‌كان هه‌بێت، ئه‌و مافانه‌ش منه‌ت نییه به‌سه‌ر كه‌سه‌وه، له راستیدا پێویستمان به حزبی مۆدێرنه كه باسی ئه‌م سه‌رده‌مه بكه‌ن و له‌گه‌ڵ پێشكه‌وتنه‌كانی ئه‌م سه‌رده‌مه رێ بكه‌ن، نه‌ك به زمانی مێژوو قسه‌بكه‌ن، چ حزبی وه‌هابی یان جه‌عفه‌ری یان سوننه بن، بۆیه حزبی تایفه‌گه‌ر شكست دێنێت، له‌هه‌مانكاتیشدا مه‌ترسییه بۆسه‌ر یه‌كێتیی نیشتمان و به‌هاكانی مرۆڤ.

**مالیكی له دوولاوه پشتیوانی لێكراوه، یه‌كه‌میان له ئێرانه‌وه دووه‌میشیان له هه‌ندێ لایه‌ن كه بۆ به‌رژه‌وه‌ندیی ئێران كارده‌كه‌ن له عێراق و له حكومه‌تی ئه‌مریكاشه‌وه**

**دادگاكان و ده‌سه‌ڵاتی دادوه‌ری له عێراق سه‌ربه‌خۆ و دیموكراسی نین، ته‌نانه‌ت ئه‌نجومه‌نی نوێنه‌رانیش بڕوای به دیموكراسی نییه، حزبه ئیسلامییه‌كان بڕوایان پێی نییه و زۆریش لێی ده‌ترسن**

# ئیسلامیی كوردیی



عه‌بدولڕه‌حمان سدیق

بۆ گوڵان ده‌ینووسێت

asidiq1962@yahoo.com

ئیسلامیی كوردیی به مانای تێگه‌یشتنی كوردانه له ئیسلام، ئه‌و چه‌مكه‌یه كه هه‌شت ساڵ له‌مه‌وبه‌ر له‌میانی دیدارێكدا له‌گه‌ڵ هه‌فته‌نامه‌ی (میدیا) ئاماژه‌م پێكرد، كۆی دیداره‌كه‌ش به(٣) به‌ش له ژماره‌كانی (٣٠٩) و (٣١٠) و (٣١١) ی به‌رواری (٢)و(٩)و(٢٣)ی تشرینی یه‌كه‌می ساڵی (٢٠٠٧)دا بڵاوكرایه‌وه.

له به‌ر گرنگیی ئه‌م چه‌مكه كه ئه‌مڕۆ له هه‌موو رۆژ زیاتر پێویستیمان پێیه‌تی، به باشم زانی كه ئه‌م به‌شه كورته‌ی لای خواره‌وه‌ی دیداره‌كه وه‌ك خۆی بخه‌مه‌وه به‌ردیدی خوێنه‌رانی گۆڤاری گوڵان:

«راسته فكر جیهانییه، به‌ڵام له هه‌مانكاتیشدا شێوازی پیاده‌كردنه‌كه‌ی ده‌بێت لۆكاڵ بێت، بشتوانین خۆمان فكری خۆمان به‌رهه‌م بێنین، من بابه‌تێكم له‌سه‌ر ئه‌وه نووسی كه ده‌بێت خۆمان له وڵاتی خۆمان فكری خۆمان به‌رهه‌م بهێنین، چونكه مرۆڤێكی جیهانی له دنیادا بوونی نییه.

مرۆڤ مادام له سه‌ر خاكێك ده‌ژی و به زمانێكی دیاریكراو قسه‌ده‌كات و له نێو كۆمه‌ڵگه‌یه‌كدا ده‌ژی، فكری ئه‌و شوێنه به‌رهه‌م دێنێت، كه‌واته فكر به‌رهه‌م و زاده‌ی ئه‌و شوێنه‌یه كه لێی هه‌ڵده‌قوڵێت.

لێره‌وه، ئێمه هه‌موومان به‌چه‌پ و راسته‌وه پێویسته

جارێکی دیکە تووشی ئەو هەڵەیە نەبینەوە کە فکر لەشوێنی خۆیەوە هەڵکەنین و بیهێنین لێرە بیچێنین، تەنانەت لەجیهانی رووەك و زیندەوەرانیشدا ناتوانیت رووەکێکیش لە ژینگەی خۆی هەڵکەنیت و لەشوێنێکی دیکە بیچێنیت، بەڵکو دەبێت زەمینەی رواندنی بۆ سازبکەیت و ژینگەی بۆ بسازێنیت.

ئایا فکر پەیڕەو و پرۆگرام دروست دەکات، یان بەپێچەوانەوە پەیڕەو و پرۆگرام فکر دروست دەکات؟

پێموایە سەرەتا هەموو شتەکان دەگەڕێنەوە بۆ فکر، فکرێکی دیاریکراو پەیڕەو و پرۆگرامێکی دیاریکراو دروست دەکات، پەیڕەو و پرۆگرام ئامرازێکن بۆ خزمەتکردنی فکرەکە.

ئەگەر تەماشای ئەو ئەزموونانە بکەین کە لە دەوروبەرماندا هەن، دەتوانین ئیسلامی لەسەر پۆلێن بکەین. ئیسلام وەکو ئایین یەك ئایینە، بەڵام لەڕووی کۆمەڵگە جیاوازەکانەوە ئەو پرسیارە سەر هەڵدەدات، ئایا کامیان فۆرم و شێوە بە کامیان دەدات؟ ئایا ئیسلام شێوە بە کۆمەڵگە دەدات، یان بە پێچەوانەوە؟ ئیسلام شێوە بە کۆمەڵگە دەدات لە رووی بنەما گشتییەکانەوە، راستگۆ بە، درۆ مەکە، لەگەڵ خەڵك چاك بە.. هەموو ئەمانە بنەما گشتییەکانن کە ئیسلام دەیداتە کۆمەڵگەکە، بەڵام دواجار کۆمەڵگە شێوە بە ئیسلام دەدات لە رووی پراکتیکەوە. واتە ئیسلام داوای لەهەموو خەڵك کردووە پۆشتە بن، بەڵام دواجار شێوازی ئەم پۆشتەبوونە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە دەگۆڕێت، هەر کۆمەڵگە و جلوبەرگی میللی خۆی هەیە، نەك ئیسلام بێت و یەك جۆر جلوبەرگ بەسەر هەموو ژن و پیاوەکانی دنیادا بسەپێنێت.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت لە رووی بیروبۆچوونەکانەوە ئیسلام شێوە بە کۆمەڵگە دەدات، بەڵام لە رووی پراکتیکەوە کۆمەڵگەکە شکڵ بە ئیسلام دەدات، لە سەر ئەم بنەمایەش دەتوانیت ئەو پۆلێنە بکەی کە ئیسلامی ئەورووپی جیاوازە لە ئیسلامی ئاسیایی، ئیسلامی عەرەبی جۆرێکە و هی ئەفغانی، یان ئێرانی جۆرێکی دی. هەر لەبەر ئەمەش من بە رای تایبەتی خۆم حەزدەکەم شتێك هەبێ بە ناوی ئیسلامی کوردی.

ئەم ئیسلامە چ جۆرێکە؟ ئەوەیە کە خەڵکەکەی کوردن، بیرکردنەوەیان کوردییە، لە سەر خاکی خۆیان کە کوردستانە بیردەکەنەوەو دەڵێن ئەم ئیسلامە لەم سەدەی بیست و یەکە لەم شوێنەی پێی دەگوترێ کوردستان، من وەکو کوردێك چۆن لێی تێبگەم و چۆنی شی بکەمەوە؟

ئیسلام، بەڵێ یەك قورئانی هەیە، بەڵام ئێستا دەتوانم پەنجا تەفسیری جیاوازی ئەو قورئانەت بۆ بژمێرم، ئەم تەفسیرە جیاوازانە بۆچی هەبوون؟

چونکە لە سەردەمێکی جیاوازەوە و لەلایەن کەسێکی جیاوازەوە ئەم تەفسیرە جیاوازانەیان دروست کردووە.

جا ئێمە ناتوانین لەوێدا بوەستین، دەڵێن لە یەك سەردەمدا چوار مەزهەب هەبووە لە رووی فیقهەوە: شافیعی، مالیکی، حەنبەلی و حەنەفی، هەندێك لەمانە هاوسەردەمی یەکدی بوون و یەکدییان بینیوە، واتە چوار مەزهەبی جیاواز لە سەر پیادەکردنی رێنماییەکانی ئیسلام لە سەردەمێکدا کە هەمووی ناکاتە ٢٠٠ ساڵ پێکەوە سەریان هەڵداوە و ئاگایان لە یەکتریش بووە، بەڵام ١٢٠٠ ساڵ لەدوای ئەوە دەبینێت خەڵك هەر لەسەر هەمان ئەو مەزهەبانە بەڕێوەدەچێ، واتە ١٢٠٠ ساڵە نەتوانراوە گۆڕانکارییەك بهێنرێتە ئاراوە.

لێرەدا ئەگەر بپرسین: بۆچی مالیزیا دەتوانێت نموونەیەکی جوانی ئیسلام پێشکەش بکات؟ لە وەڵامدا دەڵێین: چونکە ئیسلامێکی ئاسیاییە و دەتوانێت شتێکی وا پێشکەش بکات. تورکیاش ئیسلامێکی ناعەرەبییە، ئیسلامە غەیرە عەرەبییەکان هەستکردن بە نوشست و باری دەروونی شکستخواردوویان نییە، بۆیە دەتوانن ئاسانتر و جوانتر ئیسلام پێشکەش بکەن، ئیسلامی ئەورووپیش هەروەها.

ئیسلامی عەرەبی ئیسلامی خەڵکانێکی عەرەبە کە پێیانوایە رۆژگارێك ئەوان دەسەڵاتی هەموو دنیایان بەدەستەوە بووە و ئێستا شکستیان هێناوە لە بەردەم هەموو دنیادا، بۆیە ئەو ئیسلامەی بیرمەندی عەرەبی نەتەوەپەرست بەرهەمی دێنێت، هەمیشە ئیسلامێکی توندڕەوە.

ئەگەر تەماشای ئەزموونەکانی پێشوو بکەیت، دەبینیت پەڕینەوەی توندڕەوی بۆ ئەفغانستانیش هەر عەرەبی وەکو ئوسامە بن لادن و ئەوانە بردوویانە، ئەگەرنا لە خودی ئەفغانەکاندا ئەو توندڕەوییە نادۆزییەوە.

بە بڕوای من کارکردن لە سەر ئەو مەسەلەیە جورئەتێکی دەوێت، لە هەمان کاتیشدا کات لەبەردەماندا کراوە نییە».

**مرۆڤ مادام لە سەر خاکێک دەژی و بە زمانێکی دیاریکراو قسەدەکات و لە نێو کۆمەڵگەیەکدا دەژی، فکری ئەو شوێنە بەرهەم دێنێت، کەواتە فکر بەرهەم و زادەی ئەو شوێنەیە کە لێی هەڵدەقوڵێت**

**ئیسلامە غەیرە عەرەبییەکان هەستکردن بە نوشست و باری دەروونی شکستخواردوویان نییە، بۆیە دەتوانن ئاسانتر و جوانتر ئیسلام پێشکەش بکەن، ئیسلامی ئەورووپیش هەروەها**

### سینان ئۆلگان پسپۆڕ لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بۆ گوڵان:

# سەرکردایەتی بارزانی رۆڵێکی بنیادنەرانەی گێڕاوە بۆ چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا

**سینان ئۆلگان توێژەرە لە ئامۆژگای کارنیجی ئەورووپی لە برۆکسل. لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە ئاکامەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە سەر ئەورووپا و ئەمەریکا و سیاسەتی ناوکی و لایەنە ئەمنی و ئابووریەکانی پێوەندییەکانی نێوان هەردوو بەرەی ئەتڵەسی دەدات. پێشتر لە وەزارەتی دەرەوەی تورکیا کاری کردووە. سەرەڕای رۆژنامە رۆژانەییەکانی تورکیا، بۆچوونەکانی لە رۆژنامەکانی وەك (ئینتەرناشناڵ هێراڵد تریبیۆن، فایناننشاڵ تایمز وۆڵ ستریت جۆرناڵ)دا بڵاو دەبێتەوە. لە دیدارێکدا دەربارەی دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا و سەرکەوتنەکانی پارتی داد و گەشەپێدان و ئایندەی پرۆسەی ئاشتی لەو وڵاتەدا بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.**

*** لە هەڵبژاردنەکانی مانگی شەشدا دەنگدەران گوزارشتیان لە ناڕازیبوونیان بە ئەدای ئەکەپە دەربڕی و ویلایەتێکی تریان نەدایەوە پێی، نەك تەنیا بۆ ئەوەی دەستوورێکی نوێ دابنێت، بەڵکو بۆ ئەوەی بشتوانێت حکومەتێکی تاکلایەنە دروست بکات، بەڵام لەم هەڵبژاردنانەدا ئەکەپە توانی زۆرینە بەدەست بێنێتەوە، ئایا دەتوانین ئەم گۆڕانە لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بە چ فاکتەرێکەوە ببەستینەوە؟ چی روویدا بەسەر دەنگدەراندا تا ئەکەپە خەڵات بکەن و دەنگی زۆرینەی پێبدەنەوە؟**

- گوتاری «سەقامگیر» کە لە لایەن سەرکرادیەتی ئەکەپە و سەرۆك ئەردۆگانەوە رابەرایەتی دەکرا، بووە پاڵنەری دەنگدەرانی تورکیا. دەستپێکردنی توندوتیژی پەکەکە لەگەڵ پەلامارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی قەناعەتی بە دەنگدەران کرد بۆ هێنانەئارای حکومەتێکی تاکلایەنە بۆ دابینکردنی ئاشتی و سەقامگیری پەسەند بکەن. هۆکاری دووەم داڕووخانی پارتی نەتەوەپەرستی ئۆپۆزیسیۆن –مەهەپە- بوو کە سزادرا لە سەر ئەوەی رەدیکردەوە بەشدار بێت لە حکومەتێکی ئیئتلافی پاش هەڵبژاردنەکانی مانگی شەش.

*** قورسترین گرفت و بەرەنگارییەکان چین لە بەردەم ئەکەپەدا پاش بەدەستهێنانی کورسی تەواو بۆ پێکهێنانی حکومەتی زۆرینە؟**

- تورکیا ژمارەیەك گرفتی سەرەکی هەیە کە حکومەتی نوێی ئەکەپە پێویستە چارەسەریان بکات. ئەولەوییەتی یەکەم پێویستە نەرمکردنەوەی ئاستی خراپی جەمسەربەندییەکان بێت. هەروەها گەڕانەوە بۆ گفتوگۆکانی ئاشتی بە بەشداری نوێنەرانی بزووتنەوە سیاسییە کوردییەکان ئەولەویەتی بەرزی هەیە. ئەجێندای ئابووریش پێویستە ببووژێندرێتەوە و بە بەرنامەیەکی بەربڵاوی ریفۆرمی و بونیادی کە یارمەتی تورکیا بدات رێژەیەکی بەرز لە گەشەکردن بەدەست بێنێت.

*** ئەکەپە توانی ئەو بنبەستە تێپەڕێنێت کە لەپاش ئەنجامە ناگشتگیرەکانی هەڵبژاردنەکانی مانگی شەش روویدا، ئەمەش بووە هۆی خراپبوونی باری ئاسایش و جەمسەربەندیی سیاسی، پێتوایە ئەکەپە دەتوانێت و دەیەوێت هەنگاو بنێت بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە و هێورکردنەوەی گرژییەکان لەناو وڵاتدا پاش هەڵبژاردنەکان؟**

- لە راستیدا هیوایەك هەیە کە سەرکەوتنە گەورەکەی پارتی ئەکەپە لە هەڵبژاردنەکانی مانگی یانزەدا، سەرکردایەتییەکەیان هێور بکاتەوە و بتوانێت شێوازیان بگۆڕن بۆ جەمسەربەندیی کەمتر و زیاتر شێوازێکی سەرکردایەتی پیادە بکەن کە لەسەر بنەمای تەوافوقی هەمووان بنیاد نرابێت. لێدوانە سەرەتاییەکانی سەرۆك وەزیران داود ئۆغلۆ ئاماژە دەدا بە ویستی ئەوان بۆ هێورکردنەوەی گرژییەکانی ئێستا، بەڵام قسە دەبێت کرداری بەدوادا بێت.

*** سەبارەت بە مەسەلەی کورد لە تورکیادا، ململانێ و خەباتەکانی رابردوو ئەوە نیشان دەدات کە چارەسەری سەربازی ئەنجامی باشی بەدەست نەهێناوە، نەك هەر**



**ئەوەش، بەڵکو کێشەکانی زیاتر کردووە و ئەنجامی دژواری هەبووە، هەروەها لەم مانگانەی دواییدا، داڕووخانی پرۆسەی ئاشتیمان بینی، پێتوایە تورکیا پێویستە دەست بکاتەوە بە دەستپێشخەرییە ئاشتییانەکەی لە جیاتی هێرشە ئاسمانی و ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی؟**

- بەڵێ بە تەواوی وایە. حکومەتی تورکیا ئەگەری دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکانی وەلا نەخستووە، بەڵام پێش دەستپێکردنەوەی ئەم پرۆسەیە، ئارەزوویەك هەیە بۆ لاوازکردنی پەکەکە کە سوودی وەرگرتووە لە ماوەی ئاگربەست بۆ دروستکردنی ریشە سەربازییەکانی لەناو وڵاتدا.

*** سەبارەت بە ئەو سیاسەتە دەرەکییەی کە ئەکەپە پەیڕەوی دەکات، بەتایبەتی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا، هەندێك لە رەخنەگران دەڵێن ئەکەپە لە «نەبوونی کێشەوە لەگەڵ دراوسێکانی» چووە بۆ «نەبوونی دراوسێی بەبێ کێشە»، پێشبینی دەکەیت کە ئەکەپە سیاسەتی دەرەوەی پاش ئەم هەڵبژاردنە هەڵسەنگێنێتەوە؟**

- پێش هەڵبژاردنەکان دەست کرا بەو پێداچوونەوەیەی کە پێویست بوو. گوتارە رەخنەئامێزەکان بەرانبەر حکومەتی میسر بە شێوەیەکی بەرچاو کەمکرایەوە و پێوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی کەنداودا بەرەو پێشەوە چوون و داینامیکیەتی یەکێتی ئەوروپا بەهێزکرا و پێوەندییە ئەمنییەکان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بەهێز کرا، بەوەی تورکیا زیاتر لە رووی شەڕ لەدژی دەوڵەتی ئیسلامی کاری گرتە ئەستۆ و خواستی کەمتر بووە بۆ تێوەگلانی تورکیا لە ناکۆکییەکانی ناوچەکە. پێشبینیش دەکەم ئەم هەوڵانە بەردەوام بن.


*** سەرەڕای ئەوەی پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رابردوودا باش نەبوون، بەڵام گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هاتووە، ئێستا بەوە دەناسرێتەوە کە لە رووی ئابوورییەوە پشت بەیەك دەبەستن، کەواتە چۆن ئاسۆی پێوەندییە هاوبەشەکانی نێوان ئەم دوو لایەنە لە رووی ئابورییەوە دەبینی؟**

- پێموایە ئەو داینامیکە باشەی لە ٢٠٠٨ ـەوە دامەزراوە دەچەسپێت و بەردەوام دەبێت. خراپبوونی باری ئەمنی لە ناوچەکەدا و دەستپێکی ئاستێکی بەرز لە ناسەقامگیری تەنانەت وای لەم هاوبەشایەتییە کردووە زیاتر ببووژێتەوە.

*** پێشبینی دەکەیت پێوەندییە نزیکەکانی نێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر لە ئابووری بڕوات و مەسەلەکانی تریش بگرێتەوە، بەتایبەتی ئایا هیچ ئەگەرێکی هاوکاری سیاسی نزیك لە نێوان ئەم دوولایەنەدا لە ژێر سەرکردایەتی بارزانی بۆ دەستپێکی هەوڵەکان بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی گفتوگۆکراو بۆ مەسەلەی کورد لە تورکیا دەبینی؟**

- سەرکردایەتی بارزانی رۆڵێکی بنیادنەرانەی گێڕاوە لە رابردوودا بە پشتگیریکردنی گفتوگۆکانی ئاشتی. پاش کۆتایی هاتن بە توندوتیژییەکان ئێستا پێویستە هەوڵەکان بخرێنەوەگەڕ بۆ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکانی ئاشتی و لێرەشدا پاڵپشتی سەرکردایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر سەرەکی و گرنگ دەبێت.

**سەرکردایەتی بارزانی رۆڵێکی بنیادنەرانەی گێڕاوە لە رابردوودا بە پشتگیریکردنی گفتوگۆکانی ئاشتی. پاش کۆتایی هاتن بە توندوتیژییەکان ئێستا پێویستە هەوڵەکان بخرێنەوەگەڕ بۆ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکانی ئاشتی**



**پرۆفیسۆر دانیاڵ سەروەر، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری مێژوو لە زانکۆی پرینستۆن. لە ساڵانی ١٩٩٤ بۆ ١٩٩٦ راوێژکاری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بووە. لە عێراقدا کاری لەسەر رێگریکردن لە ناکۆکیی تایفەگەری و ئیتنی کردووە، هەروەها کارئاسانی کردووە بۆ ئەنجامدانی دیالۆگ لە نێوان سرب و ئەلبانەکانی بەلقاندا. تایبەتمەندە لە کاروباری ئەورووپا و باکووری ئەفریقیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەو بوارانەش کە تایبەتمەندە تێیاندا بریتین لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا، وزە، ئیدارەدانی ناکۆکی، بنیادنانەوەی دوای شەڕ، ناکۆکیی ناتوندوتیژ و بڵاوبوونەوەی مووشەك و چەکی ناووکی. لە دیدارێکدا گوڵان چەند پرسیارێکی لەبارەی ئەگەرەکانی تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەوڵەتە لاواز و شکستخواردووەکان و پرسی تایەفەگەری و ململانێ ناوچەییەکاندا ئاڕاستە کرد و بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

## دانیاڵ سەروەر تایبەتمەند لەسەر ناکۆکیی مەزهەبی لە عێراق بۆ گوڵان:

# لە ناو دیموکراسیدا ئەو گرووپانە جێگەیان نابێتەوە کە بۆ هێنانەدی ئامانجە سیاسییەکانیان توندوتیژی پیادە دەکەن

*** راستیەك هەیە سەبارەت بە داعش، ئەویش ئەوەیە کە ئەوان بەهێز نین، بەڵکو مەسەلەکە بریتییە لە لاوازیی وڵاتانی ناوچەکە هەر لە پاکستانەوە تا نایجیریا کە ناتوانن تیرۆریزم تێکبشکێنن لە سەر زەمین. ئەگەر ستراتیژی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی تێکشکان و لەناوبردنی تیرۆر بێت، چۆن مەسەلەی دەوڵەتانی شکستخواردووی لاواز دەتوانرێت چارەسەر بکرێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی سەرەکی و بنەڕەتییە، بەڵام لەم ساتەوەختەدا هیچ پلانێك نابینم بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی مەسەلەی دەوڵەتانی لاواز و شکستخواردوو. مەترسیی راستەقینە لەوەدایە کە سەرکەوتنی سەربازی بەسەر داعشدا بە دوای خۆیدا پانتاییی حوکمڕانی نەکراوی وا بەجێ بێڵێت کە ببێتە پەناگە بۆ توندڕەوان، جا چ داعش، یان ئەوانی دیکە.

*** شارەزایان بەم شێوەیە باس لە بارودۆخی هەرێمایەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن: «نەبوونی نیزام و دۆزینەوە و چارەسەری کێشەکانی لە چوارچێوەی سایکس پیکۆدا». ئەگەر جیهان دەیەوێت نیزام بگەڕێنێتەوە بۆ ناوچەکە، تا چ رادەیەك دەبێت سیستەمی دەوڵەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دابڕێژرێتەوە؟**

- بەهیچ شێوەیەك هیوا بۆ ئەمە ناخوازم. چونكە دەوڵەتی ئیسلامی نزیك بووەتەوە لە گەڕاندنەوەی سنوورەكانی سایكس پیكۆ، نەك تێكشكاندنیان، ئەویش بەوەی كە موسڵ لە ژێر ئینتیدابی فەرەنسادا بووە نەك بەریتانیا. ئەگەر دەوڵەتی ئیسلامی تێكبشكێندرێت، وێنای ئەوە دەكەم كە سنوورەكان بگەڕێندرێنەوە جێی خۆیان، لەبەر ئەوەی هەر شتێك بەدەر لەمە روو بدات، ئەوا دەبێتە هۆی شەڕێكی بەردەوام. بە بۆچوونی من، بارودۆخی ئێستا —نزمبوونەوەی نرخی نەوت و هەڕەشەی داعش و ململانێی ناوخۆییەكانی كوردستان— بە واتای دواخستنی هەر هیوایەكە بۆ سەربەخۆیی كوردستان. بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە بۆ ماوەیەكی دیكەش پارچە پارچە بوونی سووریا (دابەشبوونی رەسمی نا) بەردەوام بێت. هەمان شتیش لەبارەی لیبیا و یەمەنەوە دەڵێم، هەرچەندە لەم دوو وڵاتەدا مەترسییەكانی دابەشبوونی رەسمی زیاترن.

*** لە رووی سەربازییەوە و لە سەر ئاستی هەرێمایەتی، سعودیە سەركردایەتی هەڵمەتی دژەداعش دەكات، بەڵام لێدوانەكانی داعش لە قوتابخانە و مزگەوتەكانی سعودیەشدا هەیە، بۆیە ناتوانێت بڕیاری پاڵپشتی جەماوەری بۆ شەڕی داعش دروست بكات، ئایا تا چ رادەیەك وڵاتە عەرەبییە سوننەكان بۆ بڕیاردان لە شەڕكردن لەگەڵ داعش رووبەڕووی بەرگریی ناوخۆیی دەبنەوە؟**

- نەمبیستووە بەرهەڵستییەكی ناوخۆیی گەورە لە وڵاتی كەندا و شوێنانی دیكە روویدا بێت، پێموایە هەمووان هاوڕان كە داعش مەترسیی جددییە و دەبێت لەناو ببرێت. بە دڵنیاییەوە سعودیە مەسەلەی یەكێتی ناوخۆیی هەیە، بەڵام تا ئێستا نیگەرانی دروست نەكردووە بۆ شەڕكردن لەگەڵ داعش. دڵنیا نیم كە هەمان شت بە تەواوی لەبارەی توركیاوە بڵێم، كە پێدەچێت ئەردۆگان چاوی داخستبێت لە ئاست هەندێك لە گرووپە توندڕەوەكان.

*** لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپادا، سەرهەڵدانی داعشی جیهادی سەلەفی بۆتە هۆی دروستبوونی خەڵكانێك كە یاساكان و سیستەمی دیموكراسی بەكار دێنن بۆ پاراستنی ئایدیۆلۆژیا تیرۆریستییەكانیان، لە ئەنجامیشدا وڵاتە دیموكراسییەكان خۆیان دەبنە پاسەوان و پارێزەری تیرۆریستان. ئایا تا چەند سیستەمی دیموكراسی پێویستی بە پێناسەكردنەوەیە بۆ ئەوەی وا لە تیرۆریستان بكات نەتوانن ئەم ژینگەیە بۆ ویستەكانیان بەكار بێنن؟**

- وڵاتانی دیموكراسی پێویستیان بە حوكمی یاسا هەیە. لە دیموكراسیدا ئەو گرووپانە جێیان نابێتەوە كە شێوازی توندوتیژی دەگرنەبەر بۆ هێنانەدی ئامانجە سیاسییەكانیان. لە وڵاتانی دیموكراسیدا مەسەلەی جیهادییە توندوتیژەكان، بەگشتی مەسەلەی جێبەجێكردنی یاسایە، نەك كێشەی سەربازی.

*** سەرتاپای ناوچەكە دابەش بووە بەپێی دابەشبوونی تائیفی سوننە و شیعە، بەم دواییانە ئێران هەموو دەسەڵاتی دەوڵەتی خۆی بەكارهێنا بۆ گواستنەوەی شۆڕشی شیعەكان و پاراستنی سیستەمی دەوڵەتی شیعە لە ناوچەكەدا، وەك عێراق و سووریا و باشووری لوبنان و یەمەن، هەروەها دەستێوەردانی لە بەحرەین كرد، ئەم دابەشبوونە بنەمای هەموو ناكۆكییەكانە لە ناوچەكەدا. تا چ رادەیەك گرنگە ئێران بۆ گەڕانەوەی سەقامگیریی بۆ ناوچەكە هاوكار بێت؟**

- پێموایە هیچ چارەسەرێك بە بێ ئێران نابێت، بەڵام لە هەمان كاتیشدا رەنگە تەنانەت گەر ئێرانیش لەسەر مێزی گفتوگۆ بێت، ئەوا هەر هیچ چارەسەرێك نەبەتە ئاراوە. پێویستە ئێران لەوە تێبگات كە پاڵپشتیكردنی حزبوڵڵا و بەشار ئەسەد و میلیشیا شیعەكان لە عێراق دەبێتە هۆی درووستكردنی جەمسەربەندیی تائیفی و هەلومەرجێك دێنێتەئاراوە كە داعش تیایدا گەشە بكات. لە ئێستادا رەفتارەكانی ئێران بەشێكە لە كێشەكە، نەك بەشێك لە چارەسەر. بەڵام هێشتا هیچ نیشانەیەك نییە كە تاران درگی بەمە كردبێت.

*** لە بەر زۆربوونی ناكۆكییەكان لە نێوان دەوڵەتانی وەك سعودیە و ئیمارات و میسر و ئێران و هەروەها بایەخی ئیسرائیل بە بەرنامە ئەتۆمییەكانی ئێران، دەبینین وڵاتانی عەرەبی سوننی و ئیسرائیل دوژمنێكی هاوبەشیان هەیە كە ئێرانە، تا چ رادەیەك پێشبینی دەكەیت وڵاتانی سوننی و ئیسرائیل لە یەك بەرەدا لە دژی داعش ببینی، لە كاتێكدا كێشەی فەلەستین هێشتا چارەسەر نەكراوە؟**

- عەرەبە سوننەكان و ئیسرائیل بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەیە لە رووبەڕووبوونەوەی ئێراندا. كێشەی فەلەستین چووەتە ریزبەندی خوارەوەی ئەولەوییاتەكان، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی شكستی هێناوە لە دۆزینەوەی چارەسەرێك- بۆ ئەم ناكۆكییە-. بەڵام پێشبینی ناكەم عەرەبەكان بە تەواوەتی و بۆ هەتا هەتایە فەلەستین فەرامۆش بكەن، لەبەر هیچ نا، بەڵكو لەبەر ئەوەی «شەقام» ئەمەیان لێ قبووڵ ناكات. پێویستە ئیسرائیل رێگەیەك بدۆزێتەوە بۆ قەناعەتپێكردنی عەرەبەكانی ناو فەلەستین و ئیسرائیل لە غەزە و كەناری رۆژئاوا بە دادپەروەرانە مامەڵەیان لەگەڵ بكات.

**پێویستە ئێران لەوە تێبگات كە پاڵپشتیكردنی حزبوڵڵا و بەشار ئەسەد و میلیشیا شیعەكان لە عێراق دەبێتە هۆی درووستكردنی جەمسەربەندیی تائیفی و هەلومەرجێك دێنێتەئاراوە كە داعش تیایدا گەشە بكات**

**پێشبینی ناكەم عەرەبەكان بۆ هەتا هەتایە فەلەستین فەرامۆش بكەن، لەبەر ئەوەی شەقام ئەمەیان لێ قبووڵ ناكات. پێویستە ئیسرائیل رێگەیەك بدۆزێتەوە بۆ قەناعەتپێكردنی عەرەبەكانی ناو فەلەستین و لە غەزە و كەناری رۆژئاوا بە دادپەروەرانە مامەڵەیان لەگەڵ بكات**



## پرۆفیسۆر مارک جۆنز

### تایبەتمەند لە کاریگەریی دامەزراوە سیاسییەکان لەسەر سیاسەتی گشتی بۆ گوڵان:

# کاتێک لە ناو حزبە سیاسییەکاندا متمانە بوونی نامێنێت ئەوا ناچار دەبن پەنا ببەنە بەر ئامرازی دیکە

**مارک جۆنز، پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکانە لە زانکۆی ڕایس و دکتۆرای لە هەمان بواردا لە زانکۆی میشیگان بەدەست هێناوە. لە توێژینەوەکانیدا پتر تەرکیز لەسەر کاریگەری یاساکانی هەڵبژاردن و دامەزراوە سیاسییەکانی دیکە لە سەر حوکمڕانی و نوێنەرایەتی و دەنگدان دەکات. حاڵی حازر سەرقاڵی دوو توێژینەوەیە کە یەکێکیان پەیوەستە بە تاوتوێکردنی کاریگەرییەکانی دامەزراوە سیاسییەکان لەسەر سیاسەت و سیاسەتی گشتی لە ئەمەریکای لاتین، دووەمیان پەیوەستە بە شیکردنەوەی سیاسەتی حزبی لە تەکساس لە ماوەی ٥٠ساڵی ڕابردوودا. گوڵان هەوڵیدا بیروبۆچونەکانی لەبارەی چۆنیەتی بنیادنانەوەی متمانە لە نێوان پارتە سیاسییەکان و پرسی بە دامەزراوەییکردنی ئەم پارتانە بزانێت، لە ئەنجامدا ئەم دیدارە هاتە بەرهەم.**

*** تاچ ڕادەیەك بەدامەزراوەییکردنی بونیادی پارتە سیاسییەکان بۆ گەشەی پرۆسەی دیموکراسی گرنگە؟**

- پێموایە پارتە سیاسییەکان بەردی بناغەی هەر دیموکراسییەکن و هەر دیموکراسییەکیش بۆ ئەوەی سەرکەوتووبێت پێویستی بە پارتی چالاك و بەهێز هەیە، بەتایبەتی لە وڵاتانی تازە دیموکراسیدا کە سیستەمی دیموکراسی هێشتا لاوازە، بۆیە زۆر بەسوودە کە دامەزراوە سیاسییەکان سیستەمی پارتایەتی بەڕێوەبردن بە شێوەیەك دابنێن کە هێزە ڕاستەقینەکان و پارتی بەهێز و بەدامەزراوەکراو دروست بکات. ئەمەش لە ڕووی حکوومییەوە بەسوودە، واتە کاتێك ئەو پارتە دەسەڵات وەردەگرێت دەتوانێت وایان لێ بکات، کارایانە کاربکەن.

*** بۆ ئەوەی سیستەمێکی پارتایەتی باشت هەبێت، پارتەکان دەبێت لەگەڵ یەك هەڵبکەن، لێرەدا مەسەلەی سەرەکی متمانەی هاوبەشە کە گرنگە بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی سیاسیی باش، هەروەها گرنگیشە بۆ یارمەتیدانی کارایی دامەزراوە سیاسییەکان، پرسیارەکە ئەوەیە، ئەو لێکەوتە سیاسییە شاراوانە چین کاتێك گومان و بێمتمانەیی لەناو پارتەکاندا بوونی دەبێت؟**

- ئەگەر بارودۆخێکی ئاوات هەبوو، ئەوا زۆر خراپە بۆ دیموکراسی، لەبەر ئەوەی ئەگەر پارتەکان متمانەیان بە یەك نەبێت، یان یاساکانی گەمەکە قبووڵ نەکەن، ئەوا هیچ شتێك هەرگیز ناگات بەئەنجام و لەهەڵبژاردندا هەرگیز بونیادی ڕاستەقینەی حکومەت بڕیاری لەسەر نادرێت و پارتەکان لە ڕێی سندوقەکانی دەنگدانەوە کێبڕکێ ناکەن و هەوڵدەدەن لە ڕێی ڕێکارە نادیموکراتییەکانی ترەوە بگەن بە دەسەڵات، بۆیە بارودۆخێکی وا نائارام دروستدەکات کە کۆنترۆڵکردنی قورس دەبێت. هەروەها ناسەقامگیرییەکی وا دروست دەکات کە هیچ پارتێك ناتوانێت زۆرینە بێت، یان حکومەتی هاوپەیمانی دروست بکات، بۆ نموونە لە ئەڵمانیا لە ساڵانی سییەکاندا کە بووە هۆی سەرهەڵدانی ئەدۆڵف هیتلەر کە کۆمەنیستەکان لە چەپ و فاشییەکان لە ڕاست و گرووپە دیموکراسییە بچووکەکانیش لەو نێوەدا مابوونەوە.

*** چۆن بتوانرێت هۆکارەکانی ئەم بێتمانەییە بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی لە خراپبوونی بارودۆخەکە خۆلادەن و ڕێ لە دروستبوونی جەنگی ناوخۆیی بگیرێت؟**

- بەدڵنیاییەوە زۆربوونی بێمتمانەیی لەنێو پارتەکاندا ئەگەری شەڕی ناوخۆیی زیاددەکات، لەبەر ئەوەی هەر پارتێك هەڵبژاردنەکان بدۆڕێنێت، هەستدەکات پاڵپشتی لە حکومەتدا کەمتر دەبێت و ئەگەری زۆرتر دەبێت کە پەنا بەرێتە بەر ئامرازە نادیموکراسییەکان وەك شەڕی چەکداری، نموونەیەکی زۆرمان هەیە لەم بارەیەوە، وەك ئەنگۆلا و ئەفریقای باشوور کە بینیمان خەڵك چەکی هەڵگرت کە لایەنەکەیان دۆڕاندی، ئەمەش ناسەقامگیری دروست دەکات و ئەو پارتە هەوڵ دەدات کە لەڕێی ئامرازە نادیموکراسییەکانەوە جارێکی دی دەسەڵات بەدەست بێنێتەوە.

*** بابەتێکی دیکە بێمتمانەییە لە نێوان پارتە سیاسییەکان و کۆمەڵگەدا، زۆرجار پارتە سیاسییەکان وەك دامەزراوەیەکی سیاسی دەبیندرێن کە لەلایەن خەڵکەوە باوەڕی پێناکرێت، چی بکرێت بۆ ئەوەی ئەم بێمتمانەییە نەچێتە ناو پێوەندیی پارتە سیاسییەکانەوە؟**

- ئەمە پێویستی بە یاسای باشدانراو هەیە، هەروەها ویستی خەڵك کە بە یەکەوە کار لەسەر دیموکراسی بکەن، ئەمەش زۆرجار سەرکردایەتی سیاسی و دەوڵەتی دەوێت، ئەو سەرکردانەی ئامادەن قوربانی بە بەرژەوەندی خۆیان و گرووپەکەیان بدەن لە پێناو گەلەکەیاندا، نموونەیەکی باش نیلسۆن ماندێلایە کە ئەگەر ئەو نەبووایە ئەنجوومەنی نیشتمانی ئەفریقی دیکتاتۆری دەبوو، هەموو گرووپەکانیشی دەچەوساندەوە، بەڵام ماندێلا بە سەرکردایەتی خۆی کاری لەسەر بەرژەوەندیی سیاسی کورتخایەن نەکرد، بەڵکو کاری لەسەر بەرژەوەندی درێژخایەن کرد بۆ دیموکراسی، وەك سەرکردەیەك بەرژەوەندییە کورتخایەنەکانی کردە قوربانی بەرژەوەندییە درێژخایەنەکان.

*** لەو کاتانەدا کە هەندێك جار دەنگدەران باوەڕیان بە پرۆسەی هەڵبژاردن نامێنێت، پێتوایە ئەوە پێوەندی بە بێمتمانەیی نێوان پارتە سیاسییەکان و خەڵکەوە هەبێت؟**

- ڕاستە ئەمە کێشەکەیە، دەنگدەران زۆر بە گومان دەبن لەسەر سوودەکانی دیموکراسی و دەزانن دەنگیان هیچ گۆڕانکارییەك دروست ناکات و حکومەتی دیموکراتی کێشەکانیان چارەسەرناکات.

*** دروستکردنی متمانە لەنێو لایەنەکاندا بەتایبەتی لایەنە سیاسییەکان وەك بەردی بناغەی گەیشتن بە ڕێککەوتن دەبیندرێت بۆ جێبەجێکردن و پاڵپشتی لە سیاسەتی گشتی، پێتوایە گەڕانەوە و دروستکردنی متمانە گرنگە بۆ خۆلادان لە پاشەگەردانی و نائارامیی سیاسی؟ پێتوایە دەتوانرێت متمانە بگەڕێندرێتەوە؟**

- ئەمە بەشێکی بەوە دەبێت کە کار و گوتاریان پیشان بدەن و لە کرداریاندا وڵات لە پێش گرووپەکەیانەوە دابنێن، هەم لە ڕووی دەسەڵاتی سیاسی و هەم لە ڕووی یاساییشەوە.

*** تا چ ڕادەیەك پۆپۆلیزم مەترسی دەخاتە سەر دیموکراسی؟**

- پۆپۆلیزم مەترسییە بۆ دیموکراسی لەبەر ئەوەی سەرکردەیەك نوێنەرایەتی دەکات کە پارت و دامەزراوەکان و حکومەت کۆنترۆڵ دەکات و لە پێگەی دەسەڵاتەوە حوکمڕانی دەکات و زۆرێك لەو کێشە گرنگانە چارەسەر ناکات کە ڕووبەڕووی وڵات دەبێتەوە، بۆیە هەمیشە سەرکردە پۆپۆلیستەکان لە بارودۆخی ئابووری باشدا جەماوەری دەبن، بەڵام لە کاتەکانی تردا هیچیان پێناکرێت. بۆ نموونە لە ئەمریکای لاتین لە ڤەنزوێلا چافێز لەو وڵاتە دەوڵەمەندەدا، بەرزترین ڕێژەی هەڵئاوسانی تۆمارکرد. دیموکراسی بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت پێویستی بە پارتی سیاسی هەیە، هەروەها پێویستی بە دامەزراوەی باش و سەرکردەی باش و خۆتەرخانکراو هەیە.

**زۆر بەسوودە کە دامەزراوە سیاسییەکان سیستەمی پارتایەتی بەڕێوەبردن بە شێوەیەک دابنێن کە هێزە ڕاستەقینەکان و پارتی بەهێز و بەدامەزراوەکراو دروست بکات**

**ئەگەر پارتەکان متمانەیان بە یەک نەبێت، یان یاساکانی گەمەکە قبووڵ نەکەن، ئەوا هیچ شتێک هەرگیز ناگات بەئەنجام و لەهەڵبژاردندا هەرگیز بونیادی ڕاستەقینەی حکومەت بڕیاری لەسەر نادرێت**

# ئەو دەوڵەتەی تەنیا پشت بە داهاتی نەوت دەبەستێت بودجەکەی ناجێگیرە .. عێراق وەک نموونە



دکتۆر بێوار خنسی*

تایبەت بۆ گوڵان ئامادەی کردووە

بودجەی زۆربەی دەوڵەتانی سەر بە ڕێکخراوی ئۆپێك (دەوڵەتانی هەناردەکاری نەوت) لەوانە دەوڵەتانی ناوچەی حەوزی کەنداو و عێراقیش یەکێکە لەو دەوڵەتانە کە بودجەکانیان پشت بە نزیکەی ٩٦٪ی داهاتی فرۆشتنی نەوتی خاو دەبەستن، لەبەر ئەوە بودجەی ساڵی ٢٠١٥ی عێراق بە فرۆشتنی بڕی ٣,٣ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا و بە نرخی ٥٦ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێکی نەوتی خاو دەخەملێنرێت، لەسەر ئەو بنەمایە بودجەی ساڵی ٢٠١٥ بە ١١٩ تریلیۆن دینار خەملێنراوە، لەوانە ١٧٪ی پشکی هەرێمە دوای بڕینی شایستەکانی سیادی لەبەرامبەر رادەستکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان ٥٥٠ بەرمیل ڕۆژانە نەوت بە کۆمپانیایی سۆمۆ بەپێی ڕێککەوتنی نێوان بەغداو هەولێر دەربارەی خەملاندنی بودجەی ساڵی ٢٠١٥ و دانانی نەوت بە سەرچاوەی سەرەکیی بودجە.

**● واقعی دارایی عێراق لە میانی ساڵی ٢٠١٥دا**

عێراق لەبەر چەند هۆکارێکی ئاڵۆز دووچاری قەیرانێکی سەختی دارایی بووەوە، دیارترینیان:١- هەڵبەزودابەزی نرخی نەوت لە بازاڕی جیهانی لە نێوان ٤٠ بۆ ٥٠ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك، ٢- هەڵبەزودابەزی بڕی هەناردەی نەوت و پاشەکشەکردنی لەو رادەیەی کە پێویستە هەناردەبکرێت کە بڕی ٣,٣ بەرمیلە لە ڕۆژێکدا،٣-

کێشەی هونەری و تەکنەلۆژی، ٤- مەترسی و هەڕەشە بۆ سەر سەرچاوەکانی نەوت و بۆڕییەکانی هەناردەکردنی زەمینی و دەریایی، ٥- دووبارەبوونەوەی دووچاربوونی حەوزی کەنداو بە گێژەڵووکەی لماوی، کە بە هۆیەوە بینایی بۆ کەمتر لە ١٠٠ مەتر کەم دەبێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی وەستانی بارکردن و جووڵەی دەریاوانی لە کەنداو و ناوبەناویش دەبێتە هۆی راگرتنی پرۆسەی هەناردەکردنی نەوتی خاو لە بەندەرەکانی عێراقەوە، ٦- خراپ بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت، ٧- بڵاوبوونەوەی دیاردەی گەندەڵی لە عێراقدا، ٨- فراوانبوونی رووبەری شەڕ دژی داعش کە ٣٠٪ی رووبەری خاکی دەوڵەتی گرتۆتەوە، ٩- بارگرانیی پەنابەران کە گەیشتۆتە نزیکەی ٢ ملیۆن کەس، ١٠- خەرجییەکانی حەشدی شەعبی و رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش کە گەیشتۆتە نزیکەی ٢٠٪ی بودجەی عێراق، ١١- هەندێ بیرەنەوت و دامەزراوە نەوتییەکان کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی داعشەوە کە پتر لە ٢٠ ملیار دۆلاری زیانیان لێکەوتۆتەوە، ١٢- کورتهێنانی دارایی لە ساڵی ٢٠١٤ کە بە نزیکەی ٢٣ ترلیۆن دینار دەخەملێنرێت کە بەسەر بودجەی ٢٠١٥دا کەڵەکەی کردووە.

لە ئەنجامی ئەو هۆیانەی ئاماژەیان پێکرا، رەوشی دارایی گەیشتە رادەیەك کە داهاتی مانگانەی عێراق لە فرۆشتنی نەوت بەشی مووچەی فەرمانبەران نەکات، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە، پشکی مانگانەی هەرێم زۆر بە درەنگەوەو بەئەنقەست رەوانە کرا کە بە ٥٠٪ لە پشکی پێویست کەمتر بوو، ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی کێشە لە نێوان بەغداو هەولێر، کە حکومەتی هەرێم ناچار بوو لە حوزەیرانی ئەم ساڵدا راستەوخۆو بێ گەڕانەوە بۆ بەغدا فرۆشتنی نەوت رابگەیەنێت، بەهۆی پابەندنەبوونی بەغدا بە رێککەوتننامەی واژۆکراوی نێوان هەر دوولا، تەمەنی ئەو رێککەوتننامەیەش لە ٢٠١٥/١٢/٣١ کۆتایی دێت! پرسیارەکەش ئەوەیە: سوودی دووبارە واژۆکردنی رێککەوتننامەیەکی دیکەی نێوان هەولێر و بەغدا چییە بۆ ئەوەی ببێتە بناغەیەك لە خەملاندنی بودجەی ساڵی ٢٠١٦ بۆ ئەم مەبەستەش رەشنووسی پرۆژەی بودجەی ساڵی ٢٠١٦ بۆ ئەنجومەنی نوێنەران رەوانە کراوە بێ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان راستەوخۆ بەشداری لە ئامادەکردنی ئەو بودجەیەدا بکات؟ سەرکردەی سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە دووجار هەڵەیەك دووبارەناکاتەوە.

### ● رەشنووسی بودجەی ساڵی ٢٠١٦ی عێراق

رەشنووسی بودجەی ساڵی ٢٠١٦ لە رووی ناوەڕۆك و سەرچاوەی بودجەکەوە هەمان شێوەی بودجەی ساڵی ٢٠١٥ یە، چونکە فرۆشتنی نەوتی خاوی بە بڕی ٣,٦ ملیۆنی لە رۆژێکدا و بە نرخی ٤٥ دۆلار کردۆتە بنەمای خەملاندنی بودجەی ساڵی ٢٠١٦، لەسەر بنەمای هەناردەکردنی ٣,٠٥ ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە و ٥٥٠ هەزار بەرمیلیش رۆژانە لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە لە بەرامبەر پێدانی ١٧٪ ی پشکی هەرێم لە بودجەی گشتی دوای بڕینی شایستە سیادییەکان، بەم پێیە بودجەی ساڵی ٢٠١٦ بە (١١٣,٥٠٥)تریلیۆن دینار دەخەملێنرێت و پشکی هەرێمیش لەوە ١٧٪یە کە دەکاتە نزیکەی ١٣،٨٤٨ تریلیۆن دینار، واتا دەکاتە ١١ ملیار دۆلار لە ساڵی ٢٠١٦.

### ● سوودی ژمارە دیاریکراوەکانی بودجەی ساڵی ٢٠١٦:

ئەم ژمارانە دەبنە مەرەکەبی سەر کاغەز هەتا ئەگەر پەرلەمانی عێراق رەزامەندی لەسەر پرۆژەی بودجەی گشتی بدات، ناکرێ لە ژمارەی بودجەی ساڵی ٢٠١٥ چاکتر بێت، لەبەر چەند هۆکارێك، لەوانە:

١. مسۆگەرنەکردنی هەناردەی نەوتی خاو رۆژانە بە ٣,٦ ملیۆن بەرمیل بە شێوەیەکی رێك و پێك لە میانی ساڵی ٢٠١٦، ئەمەش لەم ساڵدا هەر لە سەرەتاوە روویدا و تا ئێستاش هەردوو حکومەتی بەغداو هەولێر نەیانتوانیوە ئەو بڕەی لەسەری رێککەوتوون کە ٣,٣ ملیۆن بەرمیلە لە هەر رۆژێکدا هەناردە بکەن.

٢. هەڵبەزودابەزی نرخی نەوتی خاو لەو نرخەی کە خەملێنرابوو لە فرۆشتنی نەوت بە ٤٥ دۆلار لە ساڵی ٢٠١٦، لەگەڵ ئەگەری بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بۆ نزیکەی ٧٠ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك لە ساڵی ٢٠١٦، سەرەڕای خەملاندنی فرۆشتنی نەوت لە ساڵی ٢٠١٦ بە ٤٥ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك، بەڵام ئەمە مسۆگەر نییە، لەبەر ئەوەی سیاسەتی جیهانی کۆنترۆڵی نرخی سووتەمەنی و سەرچاوەکانی دیکەی وزە دەکات، جیهانیش بە شەڕی نرخی نەوت (سووتەمەنی)دا تێدەپەڕێ، ئەمەش مەترسییەکەی لە شەڕی ئاسایی بۆ سەر دەوڵەتانی هەناردەکاری نەوت کەمتر نییە، بە تایبەتی ئەگەر داهاتەکانیان پشت بە زیاتر لە ٩٠٪ی فرۆشتنی نەوت ببەستێ، لەوانەش عێراق.

٣. ناجێگیریی بارودۆخی ئەمنی و سیاسی لە دەوڵەتانی بەرهەمهێنی نەوت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە سەرچاوەی سەرەکین بۆ پارەدارکردنی بازاڕی نەوتی خاو لە جیهاندا.

٤. هەڕەشەکانی تیرۆر بۆ سەر سەرچاوەکان و بۆڕییەکانی هەناردەکردنی نەوت لە سەر زەمین و لە دەریادا.

**زۆربەی دەوڵەتانی سەر بە رێکخراوی ئۆپێک (دەوڵەتانی هەناردەکاری نەوت) لەوانە دەوڵەتانی ناوچەی حەوزی کەنداو و عێراقیش یەکێکە لەو دەوڵەتانە، کە بودجەکانیان پشت بە نزیکەی ٩٦٪ی داهاتی فرۆشتنی نەوتی خاو دەبەستن**

**سەرکردەی سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە دووجار هەڵەیەک دووبارەناکاتەوە**

**پێویستە مانگانە و بە شێوەیەکی رێک و پێک و بێ دواکەوتن بڕی ١,١٥٤ ترلیۆن دینار بۆ حیسابی حکومەتی هەرێمی کوردستان بنێردرێت**

**بە شێوەیەکی زانستی سەلمێندراوە کە داهاتی عێراق لە فرۆشتنی گشتیی نەوت لە هەندێ مانگی ئەم ساڵدا بەشی مووچەی فەرمانبەران ناکات**

**هەرێم روو لە سەربەخۆیی ئابووری بکات لە میانی پشت بەستن بە هەناردەی نەوت بە شێوەیەکی سەربەخۆ هەر کاتێ ئاستی بەرهەم و هەنارده بۆ(١ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا) بەرزبووەوە، بە پێی پلانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ئاستی هەنارده دەگاتە ئەو رادەیە لە کۆتایی ئەمساڵ و چارەکی یەکەمی ساڵی ٢٠١٦، بەمەش هەرێم لە قەیرانی دارایی رزگاری دەبێت**

**جارێکی دیکە داوا لە حکومەتی هەرێم دەکەین پەیمانگەیەک، یان زانکۆیەک بۆ سامانی سروشتی لە کوردستان دابمەزرێنێ**

**گرتنەبەری سیاسەتی بنیادنان و پەرەپێدانی پیشەسازیی نەوت لە هەرێم لە میانی دامەزراندنی پاڵاوتگە و پرۆژەکانی پیشەسازی پترۆکیمیاوی کە دەبێتە هۆی زیادکردنی داهاتی هەرێم لە نەوت و غاز**

٥. هاوسەنگیی نەبوون لە نێوان داخوازی و خستنەڕووی نەوتی خاو لە بازاڕەکانی جیهاندا.

٦. هەڵبەزودابەزی نرخی دراوە جیهانییەکان کە نرخی فرۆشتن و کڕین لە بازاڕەکانی دەوڵەتانی هەناردەکارو بەکاربەرانی نەوتی خاوو جۆرەکانی دیکە سەرچاوەکانی وزە پشتیان پێ دەبەستێ.

٧. لاوازیی دامەزراوە دەستووری و ئیداری و دادوەری و چاودێری و تەکنیکییەکان لە بەڕێوەبردن و ڕێکخستن و پلانڕێژیی کەرتی نەوت لە زۆربەی دەوڵەتانی هەناردەکاری نەوت لەوانەش عێراق، ئەمەش بووە هۆی بە هەدەردانی سامانی دەوڵەت و فراوانبوونی دیاردەی گەندەڵی بە هەموو جۆرەکانیەوە لە دەوڵەتانی هەناردەکاری نەوت، لەوانەش عێراق.

**● لەم قۆناخەدا هەرێمی کوردستان لەبەردەم بژاردەی قورس و هەستیاردایە:**

خوێندنەوەی ئێستای بواری نەوت لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە میانی ئەو دەرهاویشتانەی لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەکرێت و لە میانی ئەوەی کە بە فەرمی بڵاودەکرێنەوە لە هەر یەك لە بەغدا و هەولێر لەو هەلومەرجە ناسروشتییەی ئێستا، پێویستی بە سەرکردایەتییەکی ساغڵەم و دادپەروەر و بەتوانا هەیە، کە بتوانێت چاکترین بژاردەی گونجاوی واقیع هەڵبژێرێت، هەتا ئەگەر بە دڵیشی نەبێت.

حکومەتی هەرێمی کوردستان رووبەڕووی تاقیکردنەوەکی قورس دەبێتەوە لە هەڵبژاردنی یەکێك لەو دوو بژاردانە کە لە هەلومەرجی ئێستادا زەحمەتە بیر لە بژاردەی سێیەم بکرێتەوە وەك ( بژاردەی مامناوەند) لە نێوان ئەو دوو بژاردەیە:

**● ١. بژاردەی یەکەم ( بژاردەی فیدڕاڵی):**

پشتیوانیکردن لە رەشنووسی بودجەی ساڵی ٢٠١٦ و بکرێتە بنەمای دەستوور لە دیاریکردنی بودجەی ساڵی ٢٠١٦ کە ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە فرۆشتنی ٣,٦ ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا و بە نرخی ٤٥ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك، بە مەرجێك کە بەغدا رۆژانە ٣,٠٥ ملیۆن بەرمیل هەنارده بکات، هەروەها هەولێر رۆژانە ٥٥٠ هەزار بەرمیل هەنارده بکات (٢٥٠ هەزار بەرمیل لە کێڵگە تازەکانی هەرێم و ٣٠٠ هەزار بەرمیلیش لە کێڵگەکانی کەرکووك)، هاوکات بودجەی عێراق لە ساڵی ٢٠١٦ و لە فرۆشتنی نەوت و داهاتی ناوخۆ بە بڕی ١١٣,٥٠٥ ترلیۆن دینار خەمڵێنراوەو رێژەی ١٧٪ دوای بڕینی شایستە سیادییەکان بدرێ بە هەرێمی کوردستان، واتا پێویستە مانگانە و بە شێوەیەکی رێك و پێك و بێ دواکەوتن بڕی ١,١٥٤ ترلیۆن دینار بۆ حیسابی حکومەتی هەرێمی کوردستان بنێردرێت.

**● دیارترین ئاستەنگەکانی ئەم بژاردەیە:**

١. رەزامەندیدان لەسەر بودجەکە پێش واژۆکردنی رێککەوتننامەی فەرمیی نێوان بەغداو هەولێر دەربارەی مەرجە میکانیزمەکان و دەستەبەریی پابەندبوونی بەغدا بە ناردنی پشکی دیاریکراوی هەرێم لە بودجە و دەستەبەریی ئەوەی کە لە ساڵی ٢٠١٥ روویدا، بۆ ئەم مەبەستە رێکەوتننامەکە لە نێوان هەردوولا لەسەر بودجەی ٢٠١٥ واژۆکرا و حکومەتی بەغداش تا ١٠ مانگی ئەم ساڵ کەمتر لە٥٠٪ی پشکی دیاریکراوی بۆ حکومەتی هەرێم رەوانە نەکردووە، ئەمەش گومانێکە لە ئەگەری دووبارەبوونەوەی ئەم مامەڵەیە ئەگەر بە بەراورد لەگەڵ ئەم ساڵدا خراپتر نەبێت.

٢. ئامادەنەبوونی ناوبژیوانێکی بێلایەن لە نێوان هەردوولادا بۆ ئاشنابوون بە پابەندبوونیان لە هەناردەکردنی ئەو بڕە دیاریکراوە لە بەرامبەر دابەشکردنی داهات بەسەر پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان بە پێی ئەوەی کە لە بودجەی ساڵی ٢٠١٦ چەسپێنراوە.

٣. هەموو مانگێك داهات بە گوێرەی بڕی فرۆشتنی مانگانەی نەوت دابەش دەکرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی هەڵبەزودابەزی بڕی داهاتی مانگانەی دەوڵەت، بۆیە بە شێوەیەکی زانستی سەلمێندراوە کە داهاتی عێراق لە فرۆشتنی گشتیی نەوت لە هەندێ مانگی ئەم ساڵدا بەشی مووچەی فەرمانبەران ناکات! کەواتە زەمانەت چییە بۆ پێدانی پشکی هەرێم؟ بۆیە دەبێ سوودی واژۆکردنی هەر رێککەوتننامەیەك لەگەڵ بەغدا چی بێت، مەگەر لە حاڵەتی بوونی لایەنی سێیەم کە زەمانەتی ئەوە بکات ئەوەی چەسپێنراوە لە بودجەی ساڵی ٢٠١٦ دادپەروەرانە دابەش دەکرێت.

٤. دیارنەبوونی ئایندەی بەرنامەی چاکسازیی حکومەتی فیدڕاڵ و کاریگەرییەکانی بۆ سەر بودجەی ساڵی ٢٠١٦، لە سایەی بارودۆخی ئێستای عێراق کە پێشبینیی هیچ ئایندەیەك لەو چاکسازییە ناکرێت، بەتایبەتیش لەبەر نیگەرانیی زۆربەی قەوارە سیاسییەکان کە تاکڕەویی لایەنێکە لە ئەنجامدانی بەرنامەی چاکسازی لە عێراق، لەهەموو حاڵەتێکیشدا ئەنجامەکەی زیادکردنی داخوازی دەبێت لەسەر پارە و سامان لەم بوارەدا و تەرخانکردنی بۆ بەرەکانی دیکە.

**● ٢. بژاردەی دووەم (بژاردەی کوردستانی):**

١. هەرێم روو لە سەربەخۆیی ئابووری بکات لە میانی پشت بەستن بە هەناردەی نەوت بە شێوەیەکی سەربەخۆ هەر کاتێ ئاستی بەرهەم و هەنارده بۆ (١ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا) بەرزبووەوە، بە پێی پلانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ئاستی هەنارده دەگاتە ئەو رادەیە لە کۆتایی

ئەمساڵ و چارەکی یەکەمی ساڵی ٢٠١٦، بەمەش هەرێم لە قەیرانی دارایی رزگاری دەبێت و دەتوانێت چارەسەری کێشـەی پێدانی مووچـەی مانگانـەی فەرمانبەران بکات بە شـێوەیەکی رێکوپێك لەو ماوەیەی ئەم ساڵداو لەگەڵ هاتنی سـاڵی ٢٠١٦، کە ئەمـەش موژدەیەکە بۆ چارەسـەرکردنی بەشـێکی زۆری کەڵەکەبووەکان کە لـە ئەنجامی رێککەوتننامەی نێـوان هەولێر و بەغدا و رەنگدانەوەکانی بۆ سەر پرۆژەکانی پەرەپێدان و وەبەرهێنان لە هەرێم هاتۆتە ئاراوە.

٢. بەردەوام پابەندبوونی حکومەتی هەرێم بە دیالۆگ لەگەڵ بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانیان، لەوانەش بودجەی سـاڵی ٢٠١٦ و نـەوت. هەلومەرجی ئێسـتای عێراق و هەرێمی کوردستان دەخوازێ هاوکاری و کاری هاوبەش لە نێوانیاندا هەبێت، هەروەها دەسـتوور ببێتە حەکەم لە چارەسـەرکردنی هەر کێشـەیەك کە بە رەزامەندیی هەردوولا چارەسـەر نەکرێت، لەم روانگەوە وا پێویسـت دەکات حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ناوەڕۆکی بودجەی ٢٠١٦ بکات لەگەڵ مسۆگەریی هەناردەکردنی ٥٥٠ هـەزار بەرمیل لە رۆژێکدا و بیداتە کۆمپانیای سـۆمۆ لە حاڵەتـی (پابەندبوونی بەغدا بە ناردنی ١٧٪ی پشکی مانگانەی هەرێم بە شێوەیەکی رێك و پێك) هەروەهـا هەناردەکردنی بڕی دیکەی نەوت (بۆ پێدانی شایستەکانی کۆمپانیاکان و قەرزە کەڵەکەبووەکانی سەر حکومەتی هەرێم لە ساڵانی رابردوودا).

## ● ئاستەنگەکانی بەردەم بژاردەی دووەم:

١. لاوازیی بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت.

٢. دانەمەزراندنی دەسـتگاکانی ناسـراو بە (کیبکۆ، کۆکۆ، کـۆدۆ، کاتۆ) کە تایبەتن بە بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت، بەپێی ئەو دەسـتگایانەی لە یاسای ژمارە٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧ی نەوت و غاز لەپێناو رێکخستن و کاراکردنی بەڕێوەبردنـی کەرتی نـەوت لە هەرێمـدا.٣- نەبوونی شـەفافییەتی باوەڕپێکراو لەلایەنـە پەیوەندیدارەکانەوە( دەسـتەی دەسـتپاکی، دیوانی چاودێریی دارایی). ٤- هەڕەشەکانی سـەر هێڵی کوردسـتان بۆ هەناردەکردنی نەوت لە رێی تورکیاوە، کە بووە هۆی راگرتنی ناوبەناوی پرۆسەی هەناردەکردن، وێڕای گەیاندنی زیانی ماددی. ٥- بەزەحمـەت پشتبەسـتن بە گواسـتنەوەی نەوت بە هۆی تانکەرەوە لە کێڵگەکانـی نەوتەوە بۆ پاڵاوتگەکان و دابەشـکردنی بەسەر وێسـتگەکانی دابەشکردندا.٦- هەڕەشەی سـەر کێڵگەو دامەزراوە نەوتییەکان بەدرێژایی ئەو ناوچە کوردییانەی کەوتوونەتە چوارچێوەی ماددەی ١٤٠. ٧-رەوشی ئێستای عێراق و هەرێم و دەستێوەردانی رووسیا و ئەمریکا و هاوپەیمانان لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت، کە ئەمە زەحمەتە پێشـبینی ئەنجامەکەی بکرێت، هەروەها نەوت و غـاز لەو ناوچەیەدا جەوهەری ململانێی نێوانیانە.

## ● چارەسەرو پێشنیارەکان:

١. ئامادەکـردن و رێکخسـتنی خولـی مانگانە بۆ هەڵسەنگاندنی واقعی نەوت و غاز لە عێراق و هەرێم، کە پسپۆڕانی هەموو بوارەکانی پەیوەندیدار بە نەوت بەشداری تێدا بکەن، بە مەبەسـتی دیاریکردنـی لایەنە ئەرێنی و نەرێنییـەکان و هەڵبژاردنی باشـترین و گونجاوترینیان لەگەڵ هەرێم لەم قۆناغەدا.

٢. گرتنەبـەری سیاسـەتی بنیادنـان و پەرەپێدانی پیشەسـازیی نەوت لـە هەرێم لە میانـی دامەزراندنی پاڵاوتگـە و پرۆژەکانی پیشەسـازی پترۆکیمیاوی کە دەبێتە هۆی زیادکردنی داهاتی هەرێم لە نەوت و غاز.

٣. کارکـردن بـۆ دامەزراندنـی هێڵێکـی زیاتر بۆ هەناردەکردنـی نەوت و غاز لەرێی دەوڵەتانی دراوسـێوە (تورکیا و ئێران و سووریا لە ئاییندەدا) ئەمەش بەردەوامیی هەناردەکردنی نەوت و غاز مسۆگەر دەکات.

٤. پەلەکـردن لە دامەزراندنی دامەزراوەی پەیوەسـت بە بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت بە مەبەسـتی رێکخستن و دابەشـکردنی کەرتی نەوت لە هەرێم، کە بەشـدار دەبێت لە چارەسـەرکردنی مەسەلەی شەفافییەت و رێکخستنی داهاتی کەرتی نەوت، هەروەها دامەزراندنی سـندووقی کوردستان بۆ داهاتی نەوت کە بە ( کۆتۆ ) ناسراوە، دەبێتە سەرەتای کۆتاییهاتنی بابەتی شەفافییەت و رێکخستنی داهات و دابەشکردنی بەپێی بەرنامەیەکی حکوومی.

٥. بایەخـدان بە دامەزراوەو زانکـۆ و پەیمانگەکانی پەیوەسـت بە نەوت و غاز و سامانی دیکەی سروشتی، بۆیـە جارێکی دیکە داوا لە حکومەتـی هەرێم دەکەین پەیمانگەیەك، یان زانکۆیەك بۆ سـامانی سروشـتی لە کوردستان دابمەزرێنێ.

٦. پشـتگیری و کاراکردنی رۆڵی کەرتی تایبەت لە بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت و سەرجەم کەرتەکانی کاردا.

٧. کارکردن لە سەر هەمەجۆرکردنی لقەکانی ئابووریی نیشتمانی- نەتەوەیی هەرێم لەوانە بایەخدان بە (کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزار و توانای مرۆیی) کە یاریدەرەر دەبن بۆ سووککردنی پشتبەستن بە داهاتی نەوت، تەنانەت دانانی بەشـێك لە داهاتی ساڵانەی نەوت بۆ پشتگیریی و پەرەپێدانـی کەرتەکانی دیکە لە هەرێمـدا، دواتریش زەمینەی گونجاو دەڕەخسـێنێ لە هەموو روویەکەوە تاکو هەرێم بە ئامانجی خۆی بگات.

---

* راوێژکاری وزە لە ئاژانسی پاراستنی کوردستان

**پەلەکردن لە دامەزراندنی دامەزراوەی پەیوەست بە بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت بە مەبەستی رێکخستن و دابەشکردنی کەرتی نەوت لە هەرێم، کە بەشدار دەبێت لە چارەسەرکردنی مەسەلەی شەفافییەت و رێکخستنی داهاتی کەرتی نەوت**

**دامەزراندنی سندووقی کوردستان بۆ داهاتی نەوت کە بە ( کۆتۆ ) ناسراوە، دەبێتە سەرەتای کۆتاییهاتنی بابەتی شەفافییەت و رێکخستنی داهات و دابەشکردنی بەپێی بەرنامەیەکی حکوومی**

**هەلومەرجی ئێستای عێراق و هەرێمی کوردستان دەخوازێ هاوکاری و کاری هاوبەش لە نێوانیاندا هەبێت، هەروەها دەستوور ببێتە حەکەم لە چارەسەرکردنی هەر کێشەیەک کە بە رەزامەندیی هەردوولا چارەسەر نەکرێت**